

# رۆڵی سەرۆک لەبەڕێوەبردنی تەنگ

همموو نەتەوەیەك لە یەكێك لە قۆناخە مێژووییەكانیدا رووبەڕووی قۆناخی تەحدی و چارەنووسسازی ئەوتۆ دەبێتەوە كە سەركەوتن و شكستی لەو قۆناخەدا هەموو ئایندەی دیاریدەكات، بۆیە گرنگە لە قۆناخە چارەنووسسازەكاندا بیروبۆچوونە جیاوازەكانی ناو كۆمەڵگەی دیموكراتی رەنگدانەوەی رێگەچارەی جیاواز بن بۆ چارەسەركردنی كێشەكان و هەوڵدان بێت بۆ یەكخستنی هەڵوێستەكان بۆ رووبەروو بوونەوەی تەحدیەكانی ئێستا، ئەمەیە ئەبراهام لنكۆڵن راشكاوانە ئاماژەی پێكردووە كە بەرپرسیاریەتی هەر قۆناخێك بەرپرسیاریەتی ئەو نەوەیە كە لەو قۆناخەدا دەژی و خۆدزینەوە لە بەرپرسیاریەتی ئێستاش لە بەرپرسیاریەتی ئایندە رزگارمان ناكات، بەرپرسیاریەتی لنكۆلن وایكرد ببێتە مامۆستاو باوكی گەلی ئەمریكا، لنكۆلن ئەو وانەیەیە كە ئێستاش ئەمریكیەكان لە خۆیان دەپرسن ئایا ئەبراهام لنكۆڵن بۆ گەلی ئەمریكا چی دەگەیەنێت؟

(What Abraham Lincoln Means to Americans Today?)

بێگومان وەك خۆیان وەڵامی خۆیانداوەتەوە بۆ ئەمڕۆی ئەمریكیەكان لنكۆڵن واتە وەسیەتی ئازادی بۆ گەلی ئەمریكا، (Abraham Lincoln: A Legacy of Freedom)، واتە رێزگرتن لە ئازادی و پاراستنی ئازادی بۆ گەلی ئەمریكا وەسیەتی لنكۆلنە كەسیش بۆی نیە ئەو وەسێتە بشكێنێت یان رێزی لێنەگرێت، لنكۆڵن تەفسیری بڕگەكانی بەیاننامەی سەربەخۆیی دەكات و بەگەلی ئەمریكا دەڵێت،ئەوەی لە بەیاننامەی سەربەخۆییدا هاتووە مرۆڤەكان یەكسانن ئەمە تەنها لەبەر ئەوە نەنووسراوە كە لە بەریتانیا جیابووینەوە و سەربەخۆییمان راگەیاند، نەخێر ئەمە بۆیە نووسراوە بۆ ئەوەی لە ئایندە پێوەی پابەند بین و بڕوامان بە یەكسانی نێوان مرۆڤەكان هەبێت،ئەم خوێندنەوەی لنكۆڵن بۆ بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریكا گەلی ئەمریكای بە ئاگا هێنایەوە، كە ئازادی و یەكسانی نێوان مرۆڤەكان تەنها بۆ ئەو كاتانە نیە كە ئەمریكیەكان داوای مافی خۆیانی لە بەرامبەر پێدەكەن، بەڵكو دەبێت لەو كاتانەشدا پێوەی پابەند بن كە بەشێك لەئەمریكیەكان لەناو وڵاتی خۆیاندا خۆیان بەسەردار دەزانن و بەشەكەی دیكەش بە كۆیلە، بۆیە جەختدەكاتەوە كە وشەكانی ناو بەیاننامەی راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریكا بەكارهێنانی جیاوازی نیە، چۆن ماف دەداتە ئەمریكیەكان كە ئازاد بن لە دەسەڵاتی بەریتانیا، بە هەمان شێوەیەش ماف دەداتە هاوڵاتیانی كۆیلەی ئەمریكا كە سەرداری هاوڵاتیەكی دیكەی ئەمریكی قبوڵنەكات.

باراك ئۆباما لە ٢٠٠٩/٢/١٢ و لە



ژمارە (٧٦٥)
٢٠١٠/١/١٨



# ــژەکان لە قۆناخی چارەنووسسازدا

٢٠٠ەمینساڵیادی لنکۆڵندا سەبارەت بە لۆژیکی لنکۆڵن بۆ ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی گەلی ئەمریکا لە گوتارێکیدا لەبەردەم کۆنگرێسدا زۆر راشکاوانە ئاماژەی بەوەکرد کە ((ئەو شێوازەی لنکۆڵن بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشانەی ئەم وڵاتەی پارچە پارچە کردبوو تەنها ڕێگە بوو کە برینەکانی پێ سارێژ کرا کە ئەمرۆ گەلی ئەمریکا لە هەمووکات زیاتر پێویستی پێیەتی)) لنکۆڵن بڕوای بە تۆڵە سەندنەوە بوو، بەڵکو بڕوای بەوە بوو ئەگەر توانرا هەوڵبدرێت دوژمنەکان بکرێن بە دۆست و دوژمنایەتی و رق و کینە لە ریشەوە هەڵبکێشرێت،هەر بەم شێوەیەش کاتێك سەربازی کۆنفیدرالیەکان لەشەڕی ناوخۆی ئەمریکا دۆڕاندیان و بە دیل گیران، لنکۆڵن زۆر بەئاسانی دەیتوانی تۆڵەیان لێبکاتەوە، بەڵام رایگەیاند پێویستە بەو پەری ئازادی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت،سەربازانی کۆنفیدرالی دەتوانن بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان بەبێ ئەوەی ئەسپ و تفەنگەکانیان لێوەربگیریت، بەڵام با ئەسپەکانیان بۆ کێلانی زەوی و تفەنگەکانیان بۆ راو کردن بە کاربهێنن.ئاماژەکردنمان بۆ ئەم هەڵوێستە مێژووییەی ئەبراهام لنکۆڵن بۆ ئەوەبوو کە لە دەسپێکی ئەم راپۆرتە ئاماژە بە دووحاڵەتی هاوشێوە لە ئێستای پەیوەندی هەرێمی کوردستان بە عێراقەوە بکەین، ئەم پەیوەندیە و ئاییندەی پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە یەك هەڵوێستی و یەکریزی گەلی کوردستان هەیە، کە دەشڵێین گەلی کوردستان بێگومان تەنها مەبەستمان لە هاوڵاتیانی کورد نیە لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو تەواوی هاوڵاتیان بە جیاوازی نەتەوەو ئایین و مەزهەب و زمانەوە کە لە سنووری جوگرافی ومێژوویی هەرێمی کوردستان دەژین، نەك ئەو واقیعەی ئەمڕۆ پێیدەگوتریت دەسەڵاتی ئیداری هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر هاوڵاتیانی کوردستان بە کورد و عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشورەوە، بە موسڵمان و کریستیان و ئێزیدی و شیعەو سونەوە کە پێکهاتە جیاوازەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن، رووبەڕووی چارەنووسێکی هاوبەش دەبنەوە، هەموومان پێکەوە رووبەرووی بەرپرسیاریەتێکی مێژوویی ئەم قۆناخە سەخت و ناسکە دەبینەوە کە ئەویش بە شداربوونە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و کۆبوونەوەی ئەم هەموو پێکهاتە جیاوازەیە لە ژێر چەتری خیتابێکی سیاسیی نیشتمانی لە دەوری سەرۆکی خۆیان کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.

لنکۆڵن کە دوای زیاتر لە ١٥٠ ساڵ هەموو هاوڵاتیەکی ئەمریکی وەك باوکی دامەزێنەری کۆمارە ئازادەکەیان سەیری دەکەن، تەنها باوکی ئەمریکیە



ئینگلیزی زمانەکان نەبووە، تەنها باوکی ئەمریکیە سپی پێستەکان نەبووە، بەڵکو باوکی هەموو ئەمریکیەکان بووە بە جیاوازی رەنگ و پێست و ئایین و زمانەوە، ئەوە بەرنامە و رێبازی لینکۆڵنە کە زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمریکای کردۆتە خاوەنی دووزمانی فەرمی، لە زۆر ویلایەتی ئەمریکا زمانی ئینگلیزی زمانی دووەمە و زمانی ئیسپانی زمانی یەکەمە، ئەوە بەرنامە و رێبازی لنکۆڵنە کە ئەمرۆ باراك حوسێن ئۆبامای بەرەگەز کینی رەشپێست سەرۆکی بە هێزترین وڵاتی جیهانە ئەو وڵاتەی خۆی بە خاوەنی شارستانیەتی ئەنگلۆ سەکسۆنی دەزانێت و سپیپێستی بەسەرداری مرۆڤایەتی دەزانی.کەواتە لێرەوە دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژە بکەین:

> **کاتێک سەربازی کۆنفیدرالیەکان لەشەڕی ناوخۆی ئەمریکا دۆڕاندیان و بە دیل گیران، لنکۆڵن زۆر بەئاسانی دەیتوانی تۆڵەیان لێبکاتەوە، بەڵام رایگەیاند پێویستە بەو پەری ئازادی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، سەربازانی کۆنفیدرالی دەتوانن بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان بەبێ ئەوەی ئەسپ و تفەنگەکانیان لێوەربگیریت، بەڵام با ئەسپەکانیان بۆ کێلانی زەوی و تفەنگەکانیان بۆ راو کردن بەکاربهێنن**

١- رووبەرووبوونەوەی تەحدیەکان لە قۆناخە چارەنووسسازەکاندا بەرپرسیاریەتی ئێستای هەموومانە، هەستکردن بەم بەرپرسیاریەتیە ئەو ئاکارە نیشتمانیەیە کە ئینتمای تاك بۆ خاکەکەی بۆ گەلەکەی تێدا رەنگدەداتەوە، لەم حاڵەتە دەشێت تاك یان لایەنێکی سیاسیی هەستکردنی بۆ ئەو بەرپرسیاریەتیە لەگەڵ بەرژەوەندیە شەخسیەکانی تاك یان بەرژەوەندیە حزبیەکانی لایەنێکی سیاسیی یەکنەگرێتەوە، بەڵام خودی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیەکە بەرژەوەندی تاك یان بەرژەوەندی لایەنە سیاسیەکە دەخاتە خوار بەرژەوەندی گشتی رووبەرووبوونەوەی بە کۆمەڵ و یەکهەڵوێستی ئەو تەحدیەی لەم قۆناخە دەبێتە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمان رووبەرووی ببینەوە و تێپەرێنین.

> **ئەوە بەرنامە و رێبازی لینکۆڵنە کە زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمریکای کردۆتە خاوەنی دووزمانی فەرمی، لە زۆر ویلایەتی ئەمریکا زمانی ئینگلیزی زمانی دووەمە و زمانی ئیسپانی زمانی یەکەمە**

٢- ئەم رووبەڕووبوونەوەیە بۆ بەرژەوەندی تەنها لایەك نیە، هەربۆنموونە بۆ ئەمڕۆی باری سیاسیی هەرێمی کوردستان کە داوا دەکرێت سەرجەم هاوڵاتیانی کوردستان بە جیاوازی زمان و ئایین و مەزهەبەوە پێکەوە رووبەڕووی ئەم تەحدیە ببینەوە، نابێت ئەم داواکردنە بۆ بەرژەوەندی کورد بێت و بەزەییان بۆ نەتەوەکانی دیکە تەنانەت ئەو عەرەبانەشی لە سنووری جوگرافی و مێژوویی هەرێمی کوردستان دەژین تەواو بێت، ئەمە خوێندنەوەیەکی هاوشێوەی لنکۆلنی دەوێت، واتە چۆن لنکۆڵن جارێکی دیکە بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکای بۆ ئەمریکیەکان دووبارە شرۆڤە کردەوەو تێیگەیاندن کە بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکا داوای سەربەخۆیی ئەمریکا لە دەسەڵاتی بەریتانیا دەکات،بەهەمان شێوە داوا لە ئەمریکیەکانیش دەکات کە نابێت هاوڵاتی ئەمریکا بچەوسێنەوە، بۆئێمەش گرنگە لەم قۆناخە چارەنووسسازە بڕگە بڕگەی دەستووری کوردستان سەرلەنوێ شیبکەینەوەو سەرۆك لەم شیکردنەوەیە وەك باوکی گەلی کوردستان جارێکی دیکە بەپێی ئەو دەستوورە مامەڵە لەگەڵ تێکڕای هاوڵاتیانی کوردستان بکاتەوە، ئەمە خاڵێکی گرنگە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان لەم قۆناخە مێژووییە ناسکەدا، هەست بە هاوچارەنووسی خۆیان لە ئاییندەی هەرێمی کوردستاندا بکەن.

## کوردستانیەکان هاو چارەنووسن لەبەر ئەوەی کوردستانی بوون کرابوونە هاووڵاتی پلە دوو

کە دەڵێین کوردستانیەکان هاوچارەنووسن، لەوانەیە هەندێك ئێستاش هەبن بەو ئاراستەیە بیربکەنەوەو پێمان بڵێن، راستە هەموو هاوڵاتیانی کوردستان دووچاری چەوسانەوە و زوڵم و زۆرداری رژێمی



بەعس بوون، بەڵام لەم چەوسانەوەیەدا کورد بەشی شێری بەرکەتووە، ئەمە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام ئەم راستیە لەبری ئەوەی ئەرکی کورد سووك بکات لەم قۆناخەدا قورسرتری دەکات، ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە چونکە کورد هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەتا رووخانی رژێم لە ساڵی ٢٠٠٣ بەشی شێری هەموو سیاسەتە دڕندەکانی رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراقی بەرکەتووە، ئەوا ئەمرۆش بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەو سیاسەتە شۆڤێنی و دڕندانەیە هەر بەشی شێری هەبێت و دەبێت چۆن لەسەر مافەکانی خۆی بەدەنگ دێت ئەوا لەسەر مافەکانی هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە بەدەنگ بێت، رێگە نەدات ئەوەی خۆی دووچاری بووەو هاونیشتمانیەکانی دووچاری بێتەوە، ئەمە ئەرکێکی گرنگ و مێژوویی دەخاتە سەرشانی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان،ئەو هەنگاوانەی بە پراکتیکی لەم بوارە هەڵیگرتوون، لەم قۆناخە وەك خیتابێکی سیاسیی نیشتمانی یەکگرتوو دووبارە دابڕێژرێتەوەو ببێتە بەرنامەی هەموو کوردستانیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، گرنگە ئاماژە بەو راستیە مێژووییانە بکرێت کە لەژێر سایەی سەرۆکی کوردستاندا نەتەوەو ئاینە جیاوازەکانی کوردستان دەتوانن پیادەیبکەن، لەهەموویان گرنگتر بواردانە بە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان کە خۆیان ئەو بڕگانەی دەستووری کوردستان بنووسنەوە کە تایبەتە بە مافەکانی خۆیان و هاوبەشن لە نووسینەوەی ئەو بڕگانەش کە پەیوەندی بەهەموو هەرێمی کوردستانەوە هەیە.خۆ ئەگەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە ئەو مافە بەکورد بدرایە خۆی ئەو برگە دەستووریانە دابرێژێت کە پەیوەندی بە مافی کورد و گەلی کوردستانەوە هەیە لە عێراقدا،ئەو هەموو رووباری خوێنە نەدەڕژا کە بەدرێژایی زیاتر لە ٨٠ ساڵ لە عێراقدا بە ئەنقەست رژێنرا، ئێستا کە لە کوردستان برا کریستیانەکان خۆیان بە ئاشکرا لە عەینکاوە کۆنفرانس گرێدەدەن و خۆیان لە نێوخۆیاندا موناقەشەی ئەوەدەکەن چۆن ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ خۆیان لەناو هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن، نەهاتوون بە رێگەی دانوستاندن داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان یان یاداشتێکیان دابێتە سەرۆکی کوردستان بۆ ئەوەی مافیان پێبدات، نەخێر دەستووری کوردستان مافی بۆ دیاریکردن و ئەوان ئازادن چۆن لە ناو وڵاتی خۆیان چارەنووسی خۆیان دەستنیشان دەکەن، هەتا ئەوان کوردستان بە وڵاتی خۆیان بزانن ئەو دەستوورە پارێزگاری ماف و کەرامەتیان دەکات و رێزیان لێدەگرێت ئەوجا ناوچەی ئۆتۆنومی رادەگەیەنن یان وەك پێشان دەژین ئەوە مافی خۆیانە و هیچ کەسێك بۆی نیە ئەو مافەیان پێشێل بکات، ئەمە بۆ برا تورکمانەکانیش لە مەندەلیەوە تا تەلەعفەر هەر بەوجۆرەیەومافی خۆیانە چۆن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان لەهەرێمی کوردستان دەدەن و هەروەها بۆ عەرەبەکانی سنووری هەرێمی کوردستانیش بەهەمان سێوەیە کەچۆن بڕیار لە ژیانی خۆیان لە ناو هەرێمی کوردستاندا دەدەن.

گرنگە ئەم خیتابە کە دووبارە شرۆڤەکردنەوەی بڕگەکانی دەستووری هەرێمی کوردستانە خیتابی ئەم

**لنکۆلن کە دوای زیاتر لە ١٥٠ ساڵ هەموو هاوڵاتیەکی ئەمریکی وەک باوکی دامەزێنەری کۆمارە ئازادەکەیان سەیری دەکەن، تەنها باوکی ئەمریکیە ئینگلیزی زمانەکان نەبووە، تەنها باوکی ئەمریکیە سپی پێستەکان نەبووە، بەڵکو باوکی هەموو ئەمریکیەکان بووە بە جیاوازی رەنگ و پێست و ئایین و زمانەوە**

**بارزانی نەمر پێیوابوو، لە هەر شوێنک ئاڵای کوردستان هەڵبکرێت نابێت چەوسانەوە هەبێت**

قۆناخە ناسك و هەستیارە بێت لەبەر ئەوەی باردۆخی هەستیاری كوردستان لەوە ناسكترە گرەوی دیكەی لەسەر بكرێت.

## یەک هەڵوێستی لە هەڵبژاردنی ئەمجارە زۆر شت لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە دەگۆڕێت

چۆن هەموو لایەنێكی ژیانمان و دیموگرافیا و جوگرافیاو مێژووی ولاتەكەمان بە هۆی سیاسەتی شۆڤێنیەكانەوە دووچاری گۆڕانكاری و كاریگەری سلبی بووە، بەهەمان شێوە سایكۆلۆژیەتی تاكی كوردستانیش هەمان ئاسەواری سلبی لەسەرە و پێویستی بەوە هەیە كە ئیرادەیەك هەبێت ئەو كاریگەریە سلبیە لە ناخی هەر تاكێكی گەلی كوردستاندا بسڕێتەوە،ئەم راپۆرتە ماف بە نەتەوەو ئایینە جیاوازەكانی كوردستان دەدات كە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییان و پارێزگاریكردن بە بیروباوەڕی ئاینیانەوە، ترسی ئەوەیان هەبێت دەسەڵاتی ئێستای كوردستانیش رۆژێك لە رۆژان ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئایندەی ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینیان، ئەو عەرەبانەی لە سنووری جوگرافی و مێژووی هەرێمی كوردستان دەژین هەقی خۆیانە ترسی ئەوەیان هەبێت بە مانەوەیان لەگەڵ كورد و توركمان و كریستیان لە چوارچێوەی هەرێمی كوردستاندا دەستبەرداری عەرەببوونی خۆیان دەبن، راستە ئێمە وەك كورد سیاسەتی بەعەرەبكردن و راگواستن و دەركردن بە سیاسەتی برا عەرەبەكانمان لە عێراقدا نازانین و ئەوە سیاسەتی رژێمێك بووە كە عەرەبیشی چەوساندۆتەوە، بەڵام ئەو سیاسەتە بە جۆرێك كاریگەری لەسەر سایكۆلۆژیەتی هەموو پێكهاتەكان كردووە كە پێكەوەژیان وەك كارێكی مەحاڵ سەیر بكرێت.كەواتە لێرەوە ئەركی كورد وەك نەتەوەو سەركردایەتی سیاسیی كوردستان وەك بڕیاردەری ئەم قۆناخە چارەنووسسازە سەختر و قورسترەو مەسەلەكە تەنها بانگێشەكردن نیە بۆ پێكەوە ژیانی برایانە و هاوچارەنووسی لەم قۆناخە چارەنووسسازەدا، بەداخەوە ئیشكالیەتی سەرەكی لەم مەسەلەیەدا ئەو گۆڕانكاریە سلبیە كەبەسەر سایكۆلۆژیەتی تاكی كوردستانی هاتووە، جەنابی بارزانی نەمر لە كاریگەری سلبی سیاسەتەكانی رژێمە یەك لەدوایەكەكانی عێراق لەسەر سایكۆلۆژیەتی تاكەكانی كوردستان وەك ئایین و نەتەوەی جیاواز تێدەگەیشت،بۆیە لەهەموو دانوستاندنێكدا لەگەڵ حكومەتە یەك لە دوایەكەكانی عێراقدا، هاوشانی داواكردنی مافەكانی كورد داوای مافی نەتەوەكانی توركمان و كلد وئاشوریشی دەكرد، چۆن داوای ئازادی بیروباوەڕی ئایینی بۆ موسڵمانەكانی كوردستان دەكرد بە هەمان ئاست داوای ئازادی بیروباوەڕی ئایینی بۆ كریستیان و ئێزیدی و مەزهەب و ئایینەكانی دیكەش دەكرد، ئەم هەنگاوانەی بارزانی نەمر پیادەكردنی سیاسەتێك نەبوو بۆ ئەوەی لە رووی نەتەوەییەوە لایەنگیری توركمان و كلدو ئاشور بۆ شۆڕشەكەی رابكێشێت، بۆ ئەوەی نەبوو لە رووی ئایینییەوە لایەنگیری ئێزیدی و كریستیان و سونە و شیعە بۆ شۆڕشی كوردستان رابكێشێت، نەخێر لە ناو سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان و لە دامەزراوەكانی شۆڕش بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە رزگاركراوەكانی شۆڕش، هەموو بەرپرسیاریەتیەكان دابەشكرابوو، لەناو پارتی دیموكراتی كوردستان،هەرگیز دیموكراتیەت بریتی نەبووە لەدەسەڵاتی كەمینە و زۆرینە، بەڵكو دیموكراتیەتی پێكەوە گونجان و تەوافق و هاوسەنگی نێوان تەواوی پێكهاتە جیاوازەكانی كوردستان بووە،بە لەبەر چاوگرتنی جوگرافیاو ناوچە جیاوازەكانی كوردستان بووە، بۆیە مێژوو پێمان دەڵێت ئەم هەنگاوانەی بارزانی نەمر بیروباوەڕ بوو، پرانسیپی باوكی رۆحی گەلی كوردستان بوو، ئەو پرانسیپەی پێیوابوو، لە هەر شوێنێك ئاڵای كوردستان هەڵبكرێت نابێت چەوسانەوە هەبێت.لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە بونیادنانەوەی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بكەین، كە دوای تاقیكردنەوەی هەموو رێگەكان هاتنە سەر پیادەكردنی ئەو دیموكراتیەتەی بارزانی نەمر لە چلەكانی سەدەی رابردوو لە دامەزراندنی لیژنەی ئازادی پیادەی كردوو، پاشانیش هەر لەسەر ئەو پرانسیپە پارتی دیموكراتی كوردستانی دامەزراند، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو سیاسەتمەدارانی عێراق بە پشتگیری و ئامادەبوونی هێزەكانی ئەمریكاشەوە نەیانتوانی هاوسەنگی نێوان پێكهاتە جیاوازەكانی عێراق رابگرن، نەیانتوانی لەماوەی ٧ ساڵی رابردوودا سەقامگیری لە عێراقدا دروستبكەن، بۆ هەرێمی كوردستانیش دیسان جێگەی خۆیەتی خۆمان رەخنە لە خۆمان بگرین، كە وەك پێویست نەتوانراوە ئەو هاوسەنگیە لە نێوان پێكهاتە جیاوازەكان دروستبكەین، لەوانەیە نەتوانینی ئێستامان پەیوەندی بەو كاریگەرە سلبیەوە هەبێت كە سیاسەتەكانی پێشووی رژێمی عێراق لەسەر سایكۆلۆژیەتی تاكی كوردستانی دروستیكردووە، بەڵام كەمتەرخەمی ئێمەش لەو خاڵەدایە كە نەمانتوانیوە ئەو كاریگەرییە بسڕینەوە، بۆیە لە پێناوی سڕینەوەی ئەو ئاسەوارە سلبییەی لەسەر سایكۆلۆژیەتی تاكی كوردستانی دروستبووە، باردۆخەكە فەرزی دەكات سەرۆكی كوردستان راستەوخۆ ئەم ئەركە بگرێتە ئەستۆ، لەوانەیە هەندێك لەم خستنە رووەی ئێمە بەوجۆرە بەو مانایە تێبگەن، كە دەمانەوێت لە رۆڵی دەستووری كوردستان كەمبكەینەوە، نەخێر مەبەستی ئێمە ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە دەستوورییە بەو جۆرە بخرێتە گەڕ كە دەسەڵاتی بەسەرۆكی كوردستان داوە راستەوخۆ لەگەڵ گەلی خۆی لەگەڵ لایەنەسیاسیە جیاوازەكانی كوردستان بكەوێتە موناقەشەو وتووێژ، ئەم راپۆرتە داوای ئەوە ناكات سەرۆك تەنها گوتار پێشكەش بكات، بەڵكو وایدەبینێت پێویستە باوكی گەلی كوردستان لەگەڵ یەكە یەكەی پێكهاتە جیاوازەكانی گەلی كوردستان وتووێژ بكات،زۆرجار

**ئەم راپۆرتە داوای ئەوە ناكات سەرۆك تەنها گوتار پێشكەش بكات، بەڵكو وایدەبینێت باوكی گەلی كوردستان لەگەڵ یەكە یەكەی پێكهاتە جیاوازەكانی گەلی كوردستان وتووێژ بكات**

**گاندی هیندەی خۆی بە باوكی پاكستانیەكان دەزانی خۆی بەباوكی هیندیەكان نەدەزانی، لەپیناوی ئەوەی پاكستان (بە بەنگلادیشی ئێستاشەوە) لە هیندستان جیانەبێتەوە داوای كرد یەكەم سەرۆك وەزیرانی هیندستانی سەربەخۆ محەمەد عەلی جناحی موسڵمان بێت نەك جەواهر لال نەهرۆ، بەڵام جناح بە گاندی گوت هەتا گاندی لە ژیاندا مابێت ئەمە دەكرێت كە گاندی نەما چۆن هیندیەكان قبوڵ دەكەن موسڵمانێك سەرۆكی حكومەتەكەیان بێت**

ئەمەی کردووەو لەگەڵیان دانیشتووەو جەختی لەسەرئەوەکردۆتەوە کە خۆیان پێویستە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن،بەڵام پێویست بەوە دەکات ئیترمیکانیزمی نوێترو بیروکەی تازەتر بۆ ئەم نەتەوانە بگیرێتەبەر بە شێوەیەك هەموو پێکهاتەکانی کوردستان هەست بەوە بکەن کە باوکێك هەیە کۆیاندەکاتەوەو ئازاری ئەوان بە ئازاری خۆی دەزانێت، مەهاتما گاندی کە لە باشوری ئەفریقیاوە گەڕایەوە بۆ هیندستان یەکەم هەنگاوی ئەوەبوو هەموو گوندەکانی نیمچەکیشوەری هیندستان بەسەر بکاتەوە، گاندی کە ئەم ڕێگەیەی لێگیرا گوتارو وتوێژەکانی لەگەڵ هەموو گەلی هیندستان بوو،هیندەی خۆی بە باوکی پاکستانیەکان دەزانی خۆی بەباوکی هیندیەکان نەدەزانی، لەپیناوی ئەوەی پاکستان ( بە بەنگلادیشی ئێستاشەوە) لە هیندستان جیانەبێتەوە داوای کرد یەکەم سەرۆك وەزیرانی هیندستانی سەربەخۆ محەمەد عەلی جناحی موسڵمان بێت نەك جەواهر لال نەهرۆ، بەڵام جناح بە گاندی گووت هەتا گاندی لە ژیاندا مابێت ئەمە دەکرێت کە گاندی نەما چۆن هیندیەکان قبوڵ دەکەن موسڵمانێك سەرۆکی حکومەتەکەیان بێت، چەرچل کە هەستی بەمەترسی هیتلەر کرد، بەریتانیەکان هەستیان پێنەکردبوو بەڵام چەرچڵ توانی گەلی بەریتانیا بۆ مەترسی هیتلەر بگەیەنێتە قەناعەت، لەمەش گرنگتر مێژوو باسی ڕۆڵی فرانکلین ڕۆزفەلتی سەرۆکی ئەمریکا لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا کە چۆن توانی گەلی ئەمریکا بگەیەنێتە قەناعەت بۆ ئەوەی رازی بن ئەمریکا بێتە ناو شەڕەکە، ئەو مێژووە پێمان دەڵێت ڕۆزفەلت پرانسیپی وتوێژی ناو ئاگردانی داهێنا( Inside fire chat) ئەمەش ئەو وتوێژە بوو کە ڕۆزفەلت گەلی ئەمریکای ڕاسپارد نەخشەی ئەوروپا بکڕن و کاتێك ئەو لە ڕادیۆوە قسە لەسەر مەترسیەکانی شەڕی دووەمی جیهان دەکات گەلی ئەمریکا بزانێت باسی کوێ دەکات،ڕۆزفەلت هەست ی بەوەکردبوو بەبێ ڕازیبوون و قەناعەت پێکردنی گەلی ئەمریکا نەیدەتوانی لەو قۆناخە چارەنووسسازەدا ئەو بڕیارە بدات، بۆیە لەسەر وردەکارییەکانی بڕیارەکە وتوێژی ڕاستەوخۆی دەکرد، لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی عەرەبی وئیسلامی، لەگەڵ ئەوەی زۆر ئاماژە بە ڕۆڵی جەمال عەبدولناسر دەکرێت کە سەرۆکێکی جەماوەریە بە پێی خواستی جەماوەری عەرەبی هەنگاوی هەڵگرتووە، بەڵام مێژوو پێمان دەڵێت نەشەڕی سویسی ١٩٥٦ی بە ئاگاداری گەلی میسر و گەلی عەرەب کردووە، نە شەڕی کارەساتی ١٩٦٧ یشی بە ئاگاداری گەلی خۆی کردووە، بۆیە مستەفا بارزانی تەنها سەرۆکە کە بەبێ ئاگاداری گەلەکەی هەنگاوی هەڵنەگرتووە و لەبڕیارە چارەنووسسازەکاندا گەڕاوەتەوە بۆ گەلی کوردستان، سەرۆك مسعود بارزانیش کە درێژەپێدەری ڕێبازی بارزانی نەمرە لە ساڵی ١٩٩١ کە سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو،ئەو مافەی بەخۆی نەدا ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا ئیمزا بکات و داوای کرد ئەگەر گەیشتنە ڕێککەوتنیش دەبێت گەلی کوردستان ئەو ڕێککەوتنە پەسەند بکات ئەوجا ئەو وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی ئیمزای دەکات، بەڵام ئەو ڕێککەوتنە دروست نەبوو، دوای ئەمەش بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئیداری هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە سەرۆك مسعود بارزانی گەڕایەوە بۆ ئیرادەی گەلی کوردستان و شەرعیەتی شۆڕشگێری شاخی فەرز نەکرد، بەڵام ئێمە وەك گەلی کوردستان تەنها جارێك کە سوودمەند بووین و ئێستا شانازی پێوە دەکەین، ئەو بڕیارە بوو کە سەرۆك مسعود بارزانی خستیە بەردەم بەرەی کوردستانی بۆ ئەوەی گەلی کوردستان خۆی بڕیار لە چۆنیەتی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیداری و سیاسیە بدات، خۆ ئەگەر بەرەی کوردستانی شەرعیەتی شۆڕشگێری شاخی فەرز بکردایە، هەتا ئێستاش نەدەگەیشتینە ئەو ڕۆژەی ئێستا تیایدا دەژین، بۆ ئێستاش کە جارێکی دیکە گەلی کوردستان لەناو سنووری جوگرافی و مێژوویی هەرێمی کوردستاندا بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەکات، گرنگە پێش هەڵبژاردن هەموو گەلی کوردستان لە گرنگی ئەم هەڵبژاردنە و ئاستی بەشداری سیاسیی وەك پێویستیەك بۆئەم قۆناخە لەسەر زاری سەرۆکی خۆیەوە تێبگات.

تێگەیشتن لە بایەخ و گرنگی ئەم هەڵبژاردنە خۆ ئامادەکردن نیە بۆ شەڕ، بەڵکو خۆ ئامادەکردنە بۆ ئەوەی ئەوانەی ئێستا خۆیان بە دوژمنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان دەزانن و دژی دیاریکردنی سنووری جوگرافی و مێژوویی هەرێمی کوردستانن لە عێراقدا ببنە دۆست، ببنە هاریکار بۆ ئەوەی لە بایەخ و گرنگی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە تێبگەن بۆ ئایندەی عێراق و ناوچەکە، گرنگە ئەوانەی ئەمڕۆ دژایەتی مافە دەستووریەکانی گەلی کوردستان لە دەستووری عێراقدا دەکەن دوای ئەم هەڵبژاردنە بگەنە قەناعەت، کە ئەم دژایەتیە تەنها دژایەتیکردنی گەلی کوردستان نیە، بەڵکو دژایەتیکردنی ئاشتی وسەقامگیری و پێکەوەژیانی برایانە و دیموکراتی و فیدراڵیە لە عێراقی ئایندە، دژایەتیکردنی ئاشتی و ئاسایشی هەرێمییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام پشتگیریکردن و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێش ئەوەی بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان بێت بۆ بەرژەوەندی گەلی عەرەبی عێراقیشە بە شیعەو سونەوە، لەوانەیە بەشێکی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە جۆرێك لە سەقامگیری و ئارامی بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام بەشەکانی دیکەی عێراق ئەوا بۆ ٣٠ ساڵ دەچێت ڕۆژێك سەقامگیری

**چەرچل کە هەستی بەمەترسی هیتلەر کرد، بەریتانیەکان هەستیان پێنەکردبوو، بەڵام چەرچڵ توانی گەلی بەریتانیا بۆ مەترسی هیتلەر بگەیەنێتە قەناعەت**

**زۆر ئاماژە بە ڕۆڵی جەمال عەبدولناسر دەکرێت کە سەرۆکێکی جەماوەریە بە پێی خواستی جەماوەری عەرەبی هەنگاوی هەڵگرتووە، بەڵام مێژوو پێمان دەڵێت نەشەڕی سویسی ١٩٥٦ی بە ئاگاداری گەلی میسر و گەلی عەرەب کردووە، نە شەڕی کارەساتی ١٩٦٧ یشی بە ئاگاداری گەلی خۆی کردووە**

به خۆیەوە نەبینیوەو ماوەی ٣٠ ساڵە لەشەڕێکی نەبراوەدا دەژین، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو شەڕە کۆتایی بێت و گەلانی عێراق بە ئازادی و سەربەرزی بژین.

## تێگەیشتن لە بایەخی کێشەکان کلیلی هەموو گرفتەکانە

تێگەیشتن لەو تەحدیانەی رووبەروومان دەبێتەوە، ئامادەباشی بۆ چارەسەرکردن دروستدەکات و زەمینەیەك دروستدەکات کە کارەساتەکانی ئایندە دوور بخاتەوە،ئەم حاڵەتە بۆ ئێستای ئێمە زۆر گرنگە بۆیە بە دووخاڵ دەستنیشانی دەکەین:

١- هەتا ئێمە وەك گەلی کوردستان لەبایەخ و گرنگی کێشەی خۆمان تێنەگەین و بەئاستی گرنگی و بایەخی کێشەکە خۆمانی بۆ ئامادە نەکەین، ناتوانین بەرامبەر بە رەوایەتی کێشەی خۆمان چارەسەر بکەین.

٢- هەتا لە گرنگی کێشەکانی خۆمان تێنەگەین، ناتوانین داوای ئەوە لە خۆمان بکەین،جیاوازییەکانمان بۆ دروستکردنی رێگەچارەی بەدیل و بیربۆچوونە جیاوازەکان بۆ تەواوکردنی یەکترین.

ئەم دووخاڵە زۆر گرنگە زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکەین، لەبەر ئەوەی کێشەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان راستە دەبرێنە بەغدا و لە بەغدا و لەناو پەرلەمانی عێراقدا وتوێژی لەسەردەکرێت، بەڵام کاریگەری ئەملاو ئەو لاشی هەر لەسەرە، بۆیە گرنگە ئەم مەسەلەیە وردتر هەڵوەستەی لەسەر بکرێت.

## گرنگی کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهان

گرنگە پێش هەرلایەك گەلی کوردستان چەند پرسیارێك رووبەڕووی خۆی بکاتەوە و پێش هەرکەسێك لەگەڵ سەرۆکی خۆی وتوێژو موناقەشەی جدی لەسەر بکات، گرنگە لایەنە سیاسیە جیاوازەکانی هەموو کوردستان( نەك تەنها لایەنە سیاسیە کوردیەکان) بەراشکاوی لەگەڵ سەرۆکی خۆیان بیروبۆچوونی خۆیان بخەنەروو،

> **سەرۆک مسعود بارزانیش کە درێژەپێدەری رێبازی بارزانی نەمرە لە ساڵی ١٩٩١ کە سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو ،ئەو مافەی بەخۆی نەدا رێککەوتن لەگەڵ بەغدا ئیمزا بکات و داوای کرد ئەگەر گەیشتنە رێککەوتنیش دەبێت گەلی کوردستان ئەو رێککەوتنە پەسەند بکات ئەوجا ئەو وەک سەرۆکی بەرەی کوردستانی ئیمزای دەکات**

بەتایبەتی ئەو لایەنە کوردستانیانەی نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیە جیاوازەکانی گەلی کوردستان دەکەن،بۆ ئەوەی هەموو لایەك پێش ئەوەی بڕیاربدات بزانێت بەکام ئاراستە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیدەدات، ئەم راپۆرتە خاڵانە دەخاتە روو:

١- پێش هەموو شت پێویستە گەلی کوردستان بزانێت، سەرکەوتن یان شکستی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، رەنگدانەوەی تەواوی لەسەر ئایندەی عێراق و ئاشتی و سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەراست دەبێت، بۆیە گرنگە گەلی کوردستان لەو کاتەی لەگەڵ سەرۆکی خۆی موناقەشە دەکات وبیروبۆچوونە جیاوازەکان دەگۆڕنەوە، دەبێت بگەنە شێوازێکی هاوبەش بۆ ئەوەی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاکامی سەرکەتنی پرۆسەکە تێبگەن.

٢- دەبێت ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان لەو مەترسیە تێبگەن، ئەگەر کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بە ئاشتی چارەسەر نەکرێن، ئەوا ئەم کێشەیە تەنها لە چوارچێوەی سنووری عێراقدا نامێنێتەوە و بەڵکو پریشکەکانی دەوروبەریش دەگرێتەوە.

٣- ئەگەر ئەم کێشەیە بە ئاشتی چارەسەر نەکرێت و حکومەتی عێراق رێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان نەگرێت ئەوا بمانەوێت یان نەمانەوێت گەلی کوردستان دەستەوەستان دانانیشێ بۆیە ئەو ئامانجە ئابوورییەی ئەمریکا لە عێراقدا هەیەتی دەکەوێتە مەترسیەوە و تەکامولی ئابوری لە نێوان بەشەکانی عێراقدا دروست نابێت و کارگەری خراپیشی لەسەر تەکامولی ئابوری هەرێم دەبێت، لەپێش هەموویانەوە تورکیا، لەبەر ئەوەی ئێستا هەرێمی کوردستان هاوسەنگی گەورەترین بەرژەوەندی ئابوری هەرێمی راگرتووە و تێکدانی ئەم هاوسەنگیە ئاکامی خراپ بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

٤- ئەگەر خۆمان وەك گەلی کوردستان لە بایەخی ئەم کێشەیە بگەین، بیروبۆچوونە جیاوازەکانی لایەنەسیاسیەکانی کوردستان رێگەو چارەسەری هەمەجۆر بەرهەمدەهێنن، کۆی بیروبۆچوونەکان هەڵوێستێکی هاوبەش دروستدەکات، ئەمە ئەو کون و کەلەبەرانە دەگرێت کە دەستی دەرەکی ئەوجا چ عێراقی یان ئیقلیمی بێتە ناو هاوکێشەکە و ئامانجەکانی گەلی کوردستان تێکەڵاو بکات یان لە رێگەی راستی خۆی تووشی لادانی بکات، ئەم هەڵوێستە هاوبەشە دەبێتە هۆکاری ئەوەی بەرامبەر ناچار بێت گوێی لێبگرێت و ئامادەبێت بەشداری لە چارەسەرکردنیشیدا بکات.

ئەم چەند خاڵەی ئاماژەمان پێکردن، هەرتەنها بەوەندە تەواو نابن کە بخرێنە روو بەس، بەڵکو هەریەك لەم خاڵانە رەهەندە گشتیەکانی مەسەلەیەکی گرنگن و پێویستیان بەوە هەیە کە هەموو گەلی کوردستان لەسەری بگەنە هەڵوێستێکی هاوبەش و هەڵوێستە هاوبەشەکەش رەنگدانەوەی ئیرادەی گەلی کوردستان بێت، ئەم ئیرادەیە ئەو کاتە دروستدەبێت کە هەموو بەشداربین لەچۆنیەتی بەرهەمهێنانی ئەو هەڵوێستە، ئەو زەمەنە بەسەر چوو هەڵوێستە نیشتمانیەکان لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە بخوێنرێنەوە و گەل ناچار بێت پێوەی پابەند بێت یان جێبەجێیان بکات، لایەنێکی دیکە کە بەرۆچوون لەناو وردەکاریەکاندا فێری دەبین ئەوەیە کە هەموو بەرپرسیارین لەوەی ئەمرۆ چی لە توانادا هەیە بیکەین، واتە جۆرێك لە شەفافیەت لە گوتاری سیاسیی نیشتمانیدا دروستدەبێت کە تاك خۆی بە خاوەنی ئەو گوتارە دەزانێت و دەزانێت لە چ شوێنێکدا نەرمی نواندووە بۆ ئەوەی ئەو هەڵوێستە یەکگرتووە بێتە ئاراوە، هەروەها دەزانێت لەکام شوێنیشدا دەرگای کۆمپرۆمایز و هاتنە خوارەوە قوفڵ دەدرێت،تاك لەو راستیە تێدەگات لە پێناوی پێکەوەگونجان و پێکەوەژیانی برایەنە لە ناو سنووری جوگرافی و مێژووی هەرێمی کوردستاندا کۆمپرۆمایزو نەرمی نواندن دۆڕاندن نیە

بەڵکو سەرکەوتن و بردنەوەیە، چەند مەزنە بۆ خیتابی سیاسیی کوردستانی کاتێك کریســـتیانێك یان تورکمانێك هەستبکات ئەو خیتابە تەعبیر لە ناخی ئەو دەکات و وەك هاوڵاتیەکی کوردستانی ناسنامەی خۆی تێـــدا دەبینێتـــەوە، هەروەها ئەم تێکەڵاوبوونەی جەماوەر و ســـەرۆك، ئاسەواری ئەو کاریگەرە سلبیانە لەسەر ســـایکۆلۆژییەتی تاکی کوردســـتانی دەســـڕێتەوە، کە چیدیکە تورکمان کورد بە هەڕەشـــە بۆ ســـەر خۆی نەزانی و کریستیان کورد بەهەڕەشە بۆ سەرخۆی نەزانێـــت و کوردیش جیـــاوازی ئایینی و نەتەوەیی کوردســـتان بە هەڕەشە بۆ سەر بوونی خۆی نەزانێت، بەپێچەوانەوە هاوبەشـــی تاکەکانـــی کوردســـتان لە بونیادی خیتابێکی سیاسیی نیشتمانی یەکگرتوودا، جیاوازیـــەکان بە بەهێزی وڵات و تـــەواوکاری یەکتـــری لـــە قەڵەم دەدات.ئێستا هەســـتدەکەیت ئەم بۆچوونـــە خەریکە رۆژ لـــەدوای رۆژ زیاتر قووڵدەبێتەوە، ئەم قووڵبوونەوەیەش رۆڵی گەورەی ســـەرۆکی کوردســـتان بووە کە لەماوەی رابردوودابینیویەتی و هاوچارەنووسی و پێکەوە ژیانی کردۆتە پێویستیەکی ئەم قۆناخە و فەرزی دەکات کە پێویستە لە نێوان تاکەکانی کوردستان و کۆمەڵگەی فرە ئایین و فرە نەتەوە و فرەلایەنی کوردستاندا بۆندێکی ئەخلاقی دروست ببێت کە هەموومان بە ئینتما بە کوردستانەوە گرێبداتەوە،هەروەها دەبێتە هۆکاری ئـــەوەی کە ئاییندەی هەرێمی کوردســـتان ببێتە ئامانجی هاوبەشـــی هەمـــوو بیروبۆچوونـــە جیاوازەکانـــی لایەنەسیاســـیەکانی کوردســـتان و هەمـــوو پێکەوە خەریکـــی دۆزینەوەی رێگە چارەی باشـــتر و خۆشگوزەرانی زیاتـــری گەلی خۆمان بێن، ئەم خیتابە سیاسیە سەنگی گەلی کوردستانی لە هاوکێشـــەی سیاســـیی عێراقدا بردۆتە ئاستێکی بەرزتر و کەس ناتوانێت گرەو لەسەر جیاوازیە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردســـتان بکات،دەکرێـــت ئەم رۆڵەی ســـەرۆکی کوردســـتان بـــە هەمان ئەو رۆڵەی گانـــدی بچوێنین کە بەرامبەر گەلی پاکســـتان و بۆ محەمەد عەلی جەناح نوانـــدی و، درێژەپێدەری هەمان ئەو هەڵوێستە نیشـــتمانییانەی باوکی کورد مســـتەفا بارزانی یە کە لە کاتی غیابـــی هـــەر حزبێکی سیاســـی (بە حزبی شـــیوعی عێراقیشەوە) یا غیابی نوێنەری هەر نەتەوەیەکی کوردستانی، خـــۆی دەکرد بـــە نوێنـــەری ئەوان،تا مافەکانیان نەخورێ. ئەم هەڵوێســـتەی ســـەرۆك بارزانی وایکردووە کەس زاتی ئەوە نـــاکات داوای ئەوە بکات بارێکی تایبـــەت بۆ کەرکوك یـــان ناوچەیەکی دیکەی کوردســـتان دروستبکرێت، لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی ئەو پێشنیارە بخرێتە روو خیتابی سیاســـیی کوردســـتان ئەو پێشـــنیارە رەتدەکاتەوە، ئەم موناقەشە و لیکتێگەیشـــتنە بوار بۆ ئەوە ناهێڵێتەوە کە لایەنـــی دەرەکی تێڕوانینی کورد بۆ عەرەب، تورکمان بۆ کورد، کریستیان بۆ کورد تەرجەمە بکات یان تەعبیری لێ بـــکات، بەڵکو کورد و تورکمان و کلد و ئاشـــور پێکەوە دادەنیشن و بریار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن،ئەم هەنگاوانە بۆ کەشوهەوای سیاسیی و کۆمەڵایەتی کوردســـتان لەبـــار و مومکینـــە و رەنگدانەوەی واقیعی سیاسیی ئێستای کوردستانە، بەڵام وەك لە کاتی سەردانی جەنابی ســـەرۆکی کوردستان بۆ هەولێر برا کریســـتیانەکانی کەرکوك رەخنەیان لە سەرۆك بارزانی گرت و پێیان گوت بۆچی ئێمـــەش وەك ئەوکریســـتیانەی ناوچەکانی ئێســـتای ژێر دەســـەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان مافمان پارێزراو نیە؟ ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی وەڵامەکەی ئاسانە ئەگەر بڵێین هێشتا کەرکـــوك نەگەڕاوەتەوە ســـەر هەرێمی کوردستان و نەکەوتۆتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، بەڵام هەســـتی ئـــەو هاوڵاتیە کریســـتیانە کوردستانیەی ئێستا لە کەرکوك دەژی، هەســـتکردنیەتی بـــەوەی هاوڵاتیەکی کوردستانیە بۆیە دەبێت خیتابی سیایی ئاییندەمان وەڵامی پیویســـتی بۆ ئەو هەستە نیشمانیە پیرۆزە هەبێت.



دەکرێت ئەم رۆڵەی سەرۆکی کوردستان بە هەمان ئەو رۆڵەی گاندی بچوێنین کە بەرامبەر گەلی پاکستان و بۆ محەمەد عەلی جەناح نواندی و، درێژەپێدەری هەمان ئەو هەڵوێستە نیشتمانییانەی باوکی کورد مستەفا بارزانی یە کە لە کاتی غیابی هەر حزبێکی سیاسی (بە حزبی شیوعی عێراقیشەوە) یا غیابی نوێنەری هەر نەتەوەیەکی کوردستانی، خۆی دەکرد بە نوێنەری ئەوان، تا مافەکانیان نەخورێ



پرۆفیسۆر جۆن ئیرکسۆن ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم لە سوید و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەڕێوەبردنی تەنگژەگان و سیاسەتی ئیتنی، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەربردنی تەنگژەکان لە قۆناخە هەستیارەکاندا پرۆفیسۆر ئیرکسۆن بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستە روو.

**جۆن ئیرکسۆن بۆ گوڵان:**

# لە دیموکراسیدا هەمیشە بیروبۆچوونی جیاواز لە ئارادان و گرنگ ئەوەیە بێ پەنابردنەبەر توندوتیژی ئیدارەی ئەم جیاوازییانە بکەین

**لە بنەڕەتدا دیموکراسی پەیوەستە بە رەخساندنی دەرفەت بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونی جیاواز**

*** رزگاربوون و تێپەڕاندنی هەلومەرجە سەختەکان پێویستی بە بوونی دەسەڵاتێکی نیشتمانی و بەهێز و بە یەکێتی نیشتمانی دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم دەسەڵات و یەکێتیە نیشتمانییە بەهێزە بهێنینە ئاراوە؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسیارێکی زەحمەتە بتوانین بە شێوەیەکی گشتی وەڵامی بدەینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە ئەوەی گرنگییەکی سەرەکی لە کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوە و فرە ئێتنیدا هەیە، هەروەها تەنانەت لە کۆمەڵگەیەکی تاک نەتەوەییشدا ئەوەیە سیستەمەکە خاوەنی شەرعیەت بێت، چونکە زۆرجار ئەو وڵاتانەی کە تەنها نەتەوەیەکی دیارکراویشی تێدا دەژین، بە بارودۆخێکی ناسەقامگیردا تێدەپەڕن، لەبەر ئەوەی شەرعیەتی سیستەمەکە لە قەیراندایە و لەبەر ئەوەی گومان لە میسداقیەت و شەرعیەتی سیستەمەکە دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا دەکرێت لەو کۆمەڵگە و وڵاتانەی خاوەنی کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە و فرەئیتنیشن، هەل و مەرجێکی سەقامگیر لە ئارادابێت بەهۆی پتەوی و بەهێزی شەرعیەتی سیستمەکەوە.

*** لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا بەهۆی بوونی بیروبۆچوون و تێڕوانینی جیاوازەوە، ئەوا هێنانەدی تێڕوانین و هەڵوێستێکی نیشتمانی یەکگرتوو کارێکی ئاسان نییە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین لە کاتی بوونی ئەم هەموو بیر و را جیاوازانەدا ئەم تێڕوانینە نیشتمانییە دروست بکەین؟**

- لە راستیدا و لە بنەڕەتدا دیموکراسی پەیوەستە بە رەخساندنی دەرفەت بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونی جیاواز، یاخود ئەوە لەخۆدەگرێت کە هەمیشە خەڵك تیروانین و بیرکردنەوەی جیاوازیان هەیە، ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی کێشە نییە، ئەگەر بتوانرێت ئیدارەیەکی ئاشتیانەی ئەم جیاوازییانە بکرێت و ریگەنەدرێت پەنا بۆ توندوتیژی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم جیاوازیانە ببردرێت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبو کە پێشتر ئاماژە بە گرنگی شەرعیەتی سیستەمەکە بکرێت، کە بۆ هێنانەدی شەرعیەتی سیستەمەکەش دەبێت لایەن و پێکهاتە جیاوازەکان هەست بکەن نوێنەرایەتیان لە پرۆسەکەدا و رۆڵ و سەنگیان لە پرۆسەکەدا هەیە، ئەمەش ئەو کاتە دەهێنرێتەدی کە ئیعتیراف بە مافی ئەم پێکهاتە جیاوازانە بکرێت و ریگەیان پێبدرێت بۆ ئەوەی بەشداری دەسەڵات بکەن، یاخود جۆرێك لە ئۆتۆنۆمیان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن کاروبارەکانی خۆیان تا رادەیەکی دیارکراو بە سەربەخۆیی بەڕێوەببەن. بە شێوەیەکی گشتی دەبێت سیستەمەکە رەنگدانەوەی تیکڕای پێکهاتە و گروپەکان بێت، بە چەشنێك هەست بکەن بەشێکن لە پرۆسەکە و رۆڵ و کاریگەرییان لە هەڵسوڕاندنیدا هەیە.

*** ئایا رۆڵی سەرۆکی وڵات لەم پرۆسەیەدا چۆن دەبێت؟**

- لە راستیدا ئەگەر سیستەمەکە سەرۆکایەتی بوو، ئەوا سەرۆکی وڵاتەکە دەسەڵاتێکی بەرفراوانی بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەیە، دەبێت. بەڵام تەنانەت لەم حاڵەتەشدا دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین سەرۆك خاوەنی شەرعیەت بێت لە تیروانینی گروپە کەمینەکاندا، هەروەها زۆرجار مەرج نییە سەرۆك لە گروپی زۆرینە هەڵبژێردرێت و جڵەوی ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، بەڵکو دەبێت ئەم دەرفەتە بەو پاڵێوراوانەش بدرێت کە سەر بە گروپی کەمینەن، بەڵام دەتوانن پشتگیری و پاڵپشتی لە نێو گروپی زۆرینەی وڵاتەکە بەدەست بهێنن و ببنە جێی متمانەیان و بتوانن دەنگی ئەوان بەدەست بهێنن، بۆ نموونە (تۆدۆر) کە سەرۆك وەزیرانی کەنەدا بوو، ئەسڵێکی

فەڕەنسی هەبوو، بەڵام توانیی متمانە و دەنگی بەشە ئینگلیزەکەی وڵاتەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات و پۆستی سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکە بەدەست بهێنێت.

*** لە کۆمەڵگە فرەنەتەوەکاندا کە نەتەوەیەکی دیارکراو تێیدا باڵادەستە، چۆن نەتەوەکانی دیکە بتوانن نەتەوەی باڵادەست ناچاربکەن ڕێز لە نەتەوە کەمینەکان بگرێت؟ هەروەها ئێمە دەزانین بوونی تیروانینێکی نیشتمانی یەکگرتوو هۆکارێکە بۆ چالاککردنی ئەندامانی کۆمەڵگەکە لە قۆناغە هەستیارەکاندا، بە شێوەیەکی گشتی ئێوە چۆن ئەمە دەخوێننەوە؟**

- سەرەتا دەکرێت بەهۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانەوە ئاماژە بە کێشە و گیروگرفتەکان بکرێت، ئەو ڕاستیە بخرێتەڕوو کە واقیع ڕەنگدانەوەی دەستووری وڵاتەکە نییە، دواتر ئێمە بۆ ئەوەی قەناعەت بە گروپی زۆرینە بهێنین بۆ ئەوەی ڕێز لە ماف و سەنگی کەمنیە بگرێت، دەبێت ئەو ڕاستییەیان بۆ ڕوون بکەینەوە کە بەشداریپێکردنی کەمینە لە حکومڕانیپێکردنی وڵاتەکە، واتە دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتەکان لەگەڵیاندا، دەبێتە هۆی خزمەتکردن بە بەرژەوەندی زۆرینە لە مەودای دووردا، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی سەقامگیرکردنی هەل و مەرجەکە و بە پێچەوانەوە سەرکوتکردن و جیاکاری و بەکارهێنانی توندوتیژی لەدژی کەمینەکان تەنها دەبێتەهۆی سەرهەڵدان و دروستبوونی توندوتیژی و تیرۆر و خولقاندنی بارودۆخێکی ناسەقامگیری لە وڵاتەکەدا.

*** یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی دیکە لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا بریتییە لەو هەنگاو و ڕێ و شوێنانەی بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی قەیران و تەنگژەکان دەگیرێنەبەر، کە ئەمەش بە مانای گەڵاڵەکردنی گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو دێت، پرسیارەکە ئەوەیە ڕۆڵی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و دارشتنی ئەم گوتارە نەتەوەییە لە یەك کاتدا؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانرێت لەم ڕووەوە سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووەکان وەربگیرێت، مەبەستم ئەوەیە کە چەندین وڵاتی دیکە لە ئاراداان کە فرەنەتەوەن و توانیویانە سەقامگیری وڵاتەکە بپارێزن، بۆ نموونە وڵاتی کەنەدا، کە چەندین جار ڕاپرسی لە هەرێمێکی ئەو وڵاتەدا ئەنجامدرا بۆ یەکلاکردنەوەی ئەوەی لە کەنەدا جیاببنەوە و سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، یاخود لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا بمێننەوە، بەڵام زۆرینەی دەنگدەران ڕێگەی دووەمیان هەڵبژارد و مانەوەیان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە بە باشترزانی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێزیان لێدەگیرێت و دووچاری پەراوێزخستن و سەرکوتکاری نابنەوە، بۆ نموونە لە کەنەدا فەرەنسی لە پاڵی زمانی ئینگلیزیدا زمانێکی ڕەسمیە لەو وڵاتەدا.

*** تا چ ڕادەیەك یەکگرتوویی نەتەوەیەك و بوونی گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئیجابی لەسەر داهاتووی وڵاتەکە دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە بوونی ئەم گوتارە بەو مانایە نایەت کە دەبێت هەموومان یەك بیرکردنەوە و یەك بیروبۆچوونی دیارکراومان هەبێت، بەڵکو مەسەلە بنەڕەتی و سەرەکییەکە ئەوەیە دەبێت هەمووان هاوڕابین لەسەر پاراستن و درێژەدان بە سیستمەکە، کە ئیدارەدانی ئاشتییانەی جیاوازییەکان لەخۆدەگرێت، دواتر ئێمە دەتوانین بیروبۆچوونی جیاوازمان لەبارەی ئەوەی دەبێت، هەبێت و ئاست و مەودا و جۆری ئەو ئۆتۆنۆمییەی بە هەرێمەکان دەدرێت، چۆن بێت. یاخوج هەر بابەت و مەسەلەیەکی دیکە کە لە چوارچێوەی سیستەمدا چارەسەربکرێت، چونکە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد لە دیموکراسیدا هەمیشە تیڕوانین و بیرکردنەوە و بیروبۆچوونی جیاواز لە ئارادان و گرنگ ئەوەیە بێ پەنابردنەبەر توندوتیژی بتوانین ئیدارەی ئەم جیاوازییانە بکەین.

*** بە ڕای زۆرێك لە شارەزایان سەرکەوتنی نەتەوەیەك لە ئێستادا دەبێتە هۆی ئەوەی نەوەی داهاتوو تیروانینێکی گەشبینانەی لە ئاست ئایندەی وڵاتەکە و زاڵبوون بەسەر کۆسپ و ئاستەنگەکاندا هەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم سەرکەوتنە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر نەوەی داهاتوو بۆ ئەوەی ئەم تیروانینە گەشبینانەیان هەبێت؟**

- من دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ پرسی فرەیی لە چوارچێوەی یەکێتیدا، واتە ڕاستە ئێمە گروپ و پێکهاتەی ئیتنی جیاوازمان هەیە، بەڵام ئێمە لەوەدا هاوبەشین کە لە چوارچێوەی یەك وڵاتەدا دەژین و دەبێت جیاوازییەکانمان نەبنە هۆکار و سەرچاوەیەك بۆ پەنابردنەبەر توندوتیژی و بەرپاکردنی شەڕ لەگەڵ یەکدا، بۆ نموونە ئەگەر لە بارودۆخی عێراق بڕوانین، ئەوا دوای ئەو هەموو ناهەمواری و نەهامەتییەی بەسەر خەڵکی وڵاتەکەدا هاتووە، ئەگەر بەهۆی گەندەڵی و توندوتیژی سیاسییەوە پرۆسە سیاسییەکە هەرەس پێبهێنرێت، ئەگەر شەرعیەت و میسداقیەتی دەسەڵاتەکە لەناوبچێت، ئەوا ڕاستەوخۆ توندوتیژی بۆشاییەکە پڕدەکاتەوە، ئەو کاتە هەل و مەرجێك دەخوڵقێت کە زەحمەتە بتوانین کار بۆ گێڕانەوەی شەرعیەت و میسداقیەتی سیستمەکە بکەین.

*** دوا وتەت چییە؟**

- درێژە بە کار و کۆششەکانتان بدەن بۆ هێنانەدی دیموکراسی و چەسپاندنی لێبوردەیی و ئەوەتان لەیادبێت کە ئەگەرچی ڕووبەڕووی جیاکاری و سەرکوتکاری بوونەتەوە، ئەگەرچی قوربانی دەستی تیرۆرن، ئەوا ڕەنگە تۆڵەسەندنەوە تەنها لە مەودای نزیکدا یارمەتیتان بدات و لە مەودای دووردا دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئایندەتان، چونکە دەبێت لە ئایندەدا دامەزراوە دیموکراسییەکان بنیاتبنێن کە تێیدا هەموو لایەك هەست بکەن چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیە.

**بەشداریپێکردنی کەمینە لە حکومڕانیپێکردنی وڵاتەکە، واتە دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتەکان لەگەڵیاندا**



**خاتوو ئایسۆبل لینۆدیس تۆژەری کۆمەڵایەتی و ئابووریە لە بەشی دیراساتی ئاشتی لە زانکۆی برادفۆرد لە بەریتانیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کێشەکانی یوگسلافیا و مەکدۆنیا و بەلکان بەگشتی و لەنزیکەوە دیراساتی لەسەر بونیادی ناسنامەی نەتەوەیی لە یوگسلافیای پێشودا کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر قۆناخە چارەنووسسازەکانی نەتەوە و دروستکردنی گوتاری یەکگرتوو لەو قۆناخەدا، خاتوو ئایسۆبل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**

## ئایسۆبل لینۆدیس بۆ گوڵان:

# توخمی هەرە بنەڕەتی بۆ بونیادی خیتابی سیاسیی نیشتمانی ئەوەیە ئیعتیراف بە بوونی هەمەڕەنگی و فرەیی کۆمەڵگە بکەیت

*** هەمو نەتەوەیەك لە یەکێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا رووبەڕووی چەندین دژواری دەبێتەوە، کە رزگاربوون و تێپەڕاندنی ئەم هەل و مەرجە سەختانە پێویست بە بوونی دەسەڵاتێکی نیشتمانی و بەهێز و بە یەکێتی نیشتمانی دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم دەسەڵات و یەکێتیە نیشتمانییە بەهێزە بهێنینە ئاراوە؟**

- من زیاتر لەسەر ناوچەی بەلقان کارکرم کردووە و تێڕوانین لە ئەزموونەکانی بەلقان و ئەو شەڕەی لە یوگسلافیای پێشوودا روویدا ئەو راستیەمان پێدەڵێن کە ئەو وڵاتانەی بەهۆی لێکهەڵوەشانەی یوگسلافیا و ئەم شەڕەوە هاتنەئاراوە، توانیان ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەهێز بهێننە ئاراوە بە چەشنێك سەرکەوتوبوون لە ئاوێتەکردنی ناسنامە ئیتنییەکانیش لە چوارچێوەی ئەم ناسنامە نەتەوەییە بەهێزەدا. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەو راستییە بکەین کە هەندێ دەوڵەتی ئەم ناوچەیە توانیان لەم رووەوە سەرکەوتنێکی باش بەدەست بهێنن.

*** لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا بەهۆی بوونی بیروبۆچوون و تێڕوانینی جیاوازەوە، ئەوا هێنانەدی تێڕوانین و هەڵوێستێکی نیشتمانی یەکگرتوو کارێکی ئاسان نییە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین لە کاتی بوونی ئەم هەموو بیر و را جیاوازانەدا ئەم تێڕوانینە نیشتمانییە دروست بکەین؟**

- لە راستیدا ئەم دەوەستێتەسەر ئەو دامەزراوە نیشتمانییانەی بە پێی بنەما دیموکراسییەکان بنیاتنراون و دامەزرێنراون، توخمی هەرە بنەڕەتی لێرەدا ئەوەیە ئیعتیراف بە بوونی هەمەڕەنگی و فرەیی کۆمەڵگە بکەیت، واتە دان بە واقیعی بوونی گروپە ئیتنی و ئایینی و زمانەوانییە جیاوازەکاندا بنرێت و هەوڵبدرێت بەرژەوەندییەکانیان لەبەرچاوبگیرێت و ئاوێتەی پرۆسەکە بکرێن و ببنە بەشێك لە پرۆسەکە، واتە رێز لەم فرەییە بگیرێت و هەوڵی پاراستنی بدرێت و بواری بەرەوپێشچوونیان بۆ بڕەخسێنرێت.

*** پرسێکی دیکە پەیوەستە بە سەرۆکی وڵاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەرۆکی وڵاتێك بە شێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردرێت، ئەوا پێویستە لە گفتوگۆ و پەیوەندییەکی راستەوخۆدا بێت لەگەڵ هاوڵاتیانی وڵاتەکەیدا. ئایا هەڵبژاردنی سەرۆك بەم شێوەیە دەبێتەهۆی دروستبوونی تێڕوانینێکی نیشتمانی؟**

- دووبارە لێرەدا گرنگە بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی ناوچەی بەلقان، لە وردبوونەوە لە ئەزموونی ئەم ناوچەیەدا بەو دەرئەنجامە دەگەین کە ئەو وڵاتانەی خاوەنی سیستمی پەرلەمانی بوونە و سەرۆك وەزیرانێکی بەهێزیان هەبووە و متمانەی لە پەرلەمانێکەوە پێدراوە کە ئەو پەرلەمانەش رەنگدانەوەی فرەیی و هەمەچەشنی کۆمەڵگەکە بووە، ئەدایەکی باشتری هەبووە لە پێکەوەگونجاندنی جیاوازییەکان و لە ئاوێتەکردنی گروپ و پێکهاتە جیاوازەکان لە پرۆسەکە و لە سیستمی دەسەڵاتدا، من لێرەدا دەتوانم بە دیارکراوی ئاماژە بە ئەزموونی هەردوو وڵاتی بولگاریا و مەقدۆنیا بکەم.

*** زۆرجار سەرۆکی وڵاتێکی دیموکراسی بە چەشنێك هەست بە مەترسییەکانی سەر نەتەوە و وڵاتەکەی دەکات کە خەڵکی وڵاتەکە بەو شێوەیە درکی پێناکەن، بۆ نموونە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا وینستۆن چەرچڵ هەستی بە مەترسی نازییەکان کردبو، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی بەریتانیا لەو کاتەدا بەو شێوەیە ئەم مەترسییەیان لەبەرچاو نەگرتبوو، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن سەرۆك دەتوانێت قەناعەت بە خەڵکی وڵاتەکە بهێنێت بۆ ئەو هەنگاوانەی لە پێناو رووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییانە دەیانگرێتەبەر؟**

- لە راستیدا من پێم وایە ئەوە هەمیشە بەرپرسیارێتی سەرکردە سیاسییەکانە کە ئەجێندا و بەرنامەیان بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی وڵاتەکە هەبێت، لێرەدا گرنگی و بەهای رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەکان دەردەکەوێت بۆ ئەوەی هەڵبستن بە بەدواداچوون و ئاشکراکردنی بنج و بنەوانی بەرنامەی کاری دەسەڵاتداران و شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ هەنگاو و

**لە دیموکراسیدا شتێک نییە بە ناوی گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتووەوە، چونکە هەر لە بنەڕەتدا چەمکی دیموکراسی بوونی فرەیی لەخۆدەگرێت**

سیاسەتەکانیان بکەن، هەروەها دەبێت دەزگاکانی راگەیاندن ئەرکیان تەنها لەوەدا کورتنەبێتەوە هەڵوێست و تیروانین و سیاسەتەکانی حکومەت بخەنەڕوو، بەڵکو دەبێت راوبۆچوون و تێڕوانینی تێکڕای لایەن و پێکهاتەکان و تێکڕای هاوڵاتیان بگەیەنن، واتە ببنە کەناڵێك بۆ گەیاندنی خواست و ویست و تیروانینەکانی خەڵك بە دەسەڵاتداران.

*** یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی دیکە لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا بریتییە لەو هەنگاو و ڕێ و شوێنانەی بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی قەیران و تەنگژەکان دەگیرێنەبەر، کە ئەمەش بە مانای گەڵاڵەکردنی گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو دێت، پرسیارەکە ئەوەیە ڕۆڵی سەرۆك لە ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونە جیاوازەکان و دارشتنی ئەم گوتارە نەتەوەییە لە یەك کاتدا چییە؟**

- لە راستیدا لە دیموکراسیدا شتێك نییە بە ناوی گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتووەوە، چونکە هەر لە بنەڕەتدا چەمکی دیموکراسی بوونی فرەیی لەخۆدەگرێت، هەروەها گفتوگۆ و مشت و مڕێکی بەردەوام لەخۆدەگرێت لەبارەی ئەوەی چۆن بتوانرێت لایەن و پێکهاتە جیاوازەکان پێکەوە بگونجێندرێن و چۆن بتوانرێت ئیدارەی ئەم هەموو فرەیی و جیاوازییانە بکرێت و بەرژەوەندیی تێکڕای لایەنە جیاوازەکان لەبەرچاوبگیرێت.

*** تا چ رادەیەك یەکگرتوویی نەتەوەیەك و بوونی گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئیجابی لەسەر داهاتووی وڵاتەکە دەبێت؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد گرنگە بە پێی بنەما دیموکراسییەکان بوارێك بڕەخسێنرێت بۆ ئەو فرەییەی لە کۆمەڵگەدا هەیە، بۆ ئەوەی لایەنە جیاوازەکان بتوانن بێ ترس و سڵەمینەوە گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی خۆیان بکەن و لە راستیدا دەستێوەردانی ڕۆژئاواش لە هەندێ دەوڵەتدا هۆکارەکە ئەوەبوو کە لایەنی دەسەڵاتدار بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندی و ناسنامەی خۆی هەڵدەستا بە سەرکوتکردنی لایەنەکانی دیکە کە هەوڵیان دەدان پەرە بە کۆمەڵگەی مەدەنی بدەن، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی ئاشتیانە و مەدەنییانە خواستەکانیان یاخود ئەو نارەوایەتییانەی کە ڕووبەڕووی دەبوونەوە بگەیەننە بەرپرس و دەسەڵاتداران، کەواتە لەم روانگەیەوە گرنگە هەوڵبدرێت هەل و مەرجی، یان کەشی گەشەکردن و چالاکبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بڕەخسێنرێت.

*** لە کۆمەڵگە فرەنەتەوەکاندا کە نەتەوەیەکی دیارکراو تێیدا باڵادەستە، چۆن نەتەوەکانی دیکە بتوانن نەتەوەی باڵادەست ناچاربکەن ڕێز لە نەتەوە کەمینەکان بگرێت؟ هەروەها ئێمە دەزانین بوونی تیروانینێکی نیشتمانی یەکگرتوو هۆکارێکە بۆ چالاککردنی ئەندامانی کۆمەڵگەکە لە قۆناغە هەستیارەکاندا، بە شێوەیەکی گشتی ئێوە چۆن ئەمە دەخوێننەوە؟**

- من پێم وایە ئەگەر نیاز و ئامانجی راستەقینەی ئێمە گرتنەبەری ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندن بێت، لەبری پیادەکردنی ڕێگاچارەی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە، ئەوا دەبێت هەڵبستین بە بنیاتنان و دامەزراندنی ئەو دامەزراوانەی دەبنە ئامرازێك بۆ پێدانی ماف و بۆ دەرفتدان بە لایەن و پێکهاتە جیاوازەکان بۆ ئەوەی بە پێی قەوارە و سەنگی خۆیان رۆڵ و کاریگەرییان هەبێت.

*** بەڵام ئەوەی لە عێراقدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەموو لایەك شەکەت بوونە لە گفتوگۆکردن، کوردەکان و تەنانەت شیعەکانیش کە حکومڕانێتی وڵاتەکە دەکەن، لەبەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە گفتوگۆ دەکرێت، هیچ لا یەك بە دەرئەنجامێك نەگەیشتووە کە جێی ڕەزامەندی بێت؟**

- بەڵام ئایا بەدیلی گفتوگۆ چییە؟ بە تیروانینی من تاکە ڕێگا ئەوەیە هەموو لایەك ئامادەی سازشکردن بێت و ئیرادەی سازشکردنی هەبێت، بارودۆخەکە ئاڵۆزە و ئەوەش ئاشکرایە کە هیچ لایەنێك ناتوانێت پێداگیری لەسەر هێنانەدی تێکڕای خواست و داواکارییەکانی و پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی تێکڕای خواست و داواکاری لایەنەکانی دیکە بکات. من پێم وایە کێشەکانی عێراق تەنها پەیوەست نین بە مافە ئیتنی و کلتوورییەکانی کوردەکانەوە، بەڵکو هەندێ لە کێشەکان بەرژەوەندی ئابووریش لەخۆدەگرن، بۆ نموونە کێشەی کەرکوك کە کێشەیەکی گەورەیە و لە راستیشدا دەرئەنجامەکەش دەوەستێتەسەر ئەوەی ئێوە لە عێراقدا چ مۆدێلێك لە هەوڵەکانتاندا بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەکانتان پیادە دەکەن، یاخود ئایا چ مۆدێلێکی حکومڕانێتیکردن بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە کاروباری وڵاتەکەتان هەڵسوڕێنن دەگرنەبەر، بەلای منەوە هێشتا ئەمە روون نییە.

*** بە رای زۆرێك لە شارەزایان سەرکەوتنی نەتەوەیەك لە قۆناغە هەستیار و سەختەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی نەوەی داهاتوو تیروانینێکی گەشبینانەی لە ئاست ئایندەی وڵاتەکە و زاڵبوون بەسەر کۆسپ و ئاستەنگەکاندا هەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم سەرکەوتنە چ کاریگەرییەکی لەسەر نەوەی داهاتوو بۆ ئەوەی ئەم تیروانینە گەشبینانەیان دەبێت؟**

- رەنگە نەتوانین وەڵامێکی گشتی ئەم پرسیارە بدەینەوە، لەبەر ئەوەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویست بەوەدەکات بارودۆخی هەر وڵاتێك بە جیا وەربگرین، بۆ نموونە ئەگەر لە ئەزموونی وڵاتی بۆسنیا و هێرزۆگۆڤینیا بڕوانیت، ئەوا راستە لەو وڵاتەدا دەوڵەتێکی یەکگرتوو هەیە و هەوڵدەدرێت ڕێگایەك بۆ پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان بدۆزرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو دامەزراوانەی لەم وڵاتانەدا بنیاتنراون، نەیانتوانی ئەم ئەرکە ئەدا بکەن، هەروەها هێشتا ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەهێز لەم وڵاتەدا بوونی نییە، بە پێچەوانەی وڵاتی بولگاریاوە کە توانیویەتی سەرکەوتوبێت لە پیادەکردنی مۆدێلێك بۆ ئەم پێکەوەژیانە و بۆ ئیدارەدانی جیاوازییەکان و گرتنبەری شێوازێك بۆ لەبەرچاوگرتنی تێڕوانین و بەرژەوەندییەکانیان. کەواتە جەوهەری مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە ئێمە چ مۆدێل و شێوازێك پیادە دەکەین بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بتوانین هەل و مەرجی پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان بڕەخسێنین و ڕێگاچارەیەکی گونجاو و واقیعی بۆ ئیدارەدانی جیاوازیەکان بهێنینەدی.

**گرنگە بە پێی بنەما دیموکراسییەکان بوارێک بڕەخسێنرێت بۆ ئەو فرەییەی لە کۆمەڵگەدا هەیە، بۆ ئەوەی لایەنە جیاوازەکان بتوانن بێ ترس و سڵەمینەوە گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی خۆیان بکەن**



**پرۆفیسۆر ئیسحاق ئەلبرت سەرۆکی دیراساتی پرۆگرامەکانی ئاشتییە لە زانکۆی ئیبادان لە نەجیریا و یەکێکە لەو ئەکادیمیانەی کە بەشداری چەندین پرۆسەی ئاشتی لە وڵاتانی ئەفریقیا و ئەوروپای رۆژهەڵات کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر بونیادی ئاشتی و سەقامگیری لە وڵاتانی فرە نەتەوە و بونیادی نەتەوە لە قۆناخە چارە نووسسازەکاندا پرۆفیسۆر ئەلبرت بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## ئیسحاق ئەلبرت بۆ گوڵان:

# بەرپرسیارێتی سەرۆک دروستکردن و بنیاتنانی نەتەوەیە، دەبێت کار بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی تێکڕای گروپ و ناوچە جیاوازەکانی وڵاتەکە بکات

**دەبێت پرۆسە سیاسییەکە تێکڕای ئەم گروپانە لەخۆبگرێت و دەستووریش مافەکانیانی دەستەبەر کردبێتن بۆ ئەوەی پاڵنەری بەشداریکردنیان لە پرۆسە سیاسییەکەدا بۆ دروستبێت و بیر لەپەنابردنە بەر شێوازەکانی دیکە نەکەنەوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان**

*** کەم وڵات هەیە لە یەك نەتەوەی هامۆجینی پێکهاتبێت، بەڵام لە هەموو کاتێکدا میکانزمێك گیراوەتەبەر کە ناسنامەیەکی نیشتمانی بۆ هاوڵاتیان بونیاد بنرێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە چۆن لە قۆناخە چارەنووسسازەکاندا جیاوازییەکان دەبنە هەڵوێستێکی نیشتمانی یەکگرتوو؟**

- ئێمە دەزانین کە هەمو نەتەوەیەك لە جیهاندا گروپی ئایینی و ئیتنی جیاواز لەخۆدەگرێت، کە پێویستە بەرژەوەندی تێکڕای ئەم گروپە جیاوازانە لە بەرچاوبگیرێن، ئەم کارەش بەهۆی دابەشکردنی یەکسانی سەرچاوەکانەوە دەکرێت، کە تەنها دابەشکردنی سەرچاوە سروشتییەکان، یاخود داهاتەکان ناگرێتەوە، بەڵکو دەبێت درێژبێتەوە بۆ بواری دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسیش، لێرەدا مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر گروپی باڵادەست و گروپی ژێردەست لە ئارادابن، یاخود ئەگەر گروپێکی دیارکراو پەراوێزبکرێت و پشتگوێبخرێت، ئەوا ئەمە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتە سەرچاوەی ئاژاوە و ئاڵۆزی. کەواتە لەم روانگەیەوە باشترین ریگاچارە کە بۆ هێنانەدی و پێکهێنانی نەتەوە لەم گروپە ئایینی و ئیتنە جیاوازانە پیادەبکرێت، دابەشکردنی یەکسانی سەرچاوەکانە، بە مانایەکی دیکە دەبێت پرۆسە سیاسییەکە تێکڕای ئەم گروپانە لەخۆبگرێت و دەستووریش مافەکانیانی دەستەبەر کردبێتن بۆ ئەوەی پاڵنەری بەشداریکردنیان لە پرۆسە سیاسییەکەدا بۆ دروستبێت و بیر لەپەنابردنە بەر شێوازەکانی دیکە نەکەنەوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان و بەدەستهێنانی داواکارییەکانیان. بەو پێیە نابێت هیچ گروپێکی وڵاتەکە لە دەرەوەی پرۆسە سیاسییەکەدا بمێنێتەوە، بە پێچەوانەوە دوورخستنەوە و دورەپەرێزکردنیان سەردەکێشێت بۆ ئەگەری روودانی شەڕی ناوخۆیی. کەواتە بنیاتنان و پێکهێنانی نەتەوەیەکی بەهێز، پێویست بە بوونی دەستوورێك دەکات کە مافی هاوڵاتیبوونی ئەندامانی تێکڕای گروپە جیاوازە ئیتنی و ئایینیەکانی تێدا چەسپێنرابێت. هەروەها دەکرێت ئەمە بکرێتە پێوەرێك بۆ بەهێزبوونی نەتەوەیەك.

*** بەڵام هێنانەدی تێڕوانین و هەڵوێستێکی نیشتمانی یەکگرتوو کارێکی ئاسان نییە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین لە کاتی بوونی ئەم هەموو بیر و را جیاوازانەدا ئەم تێڕوانینە نیشتمانییە دروست بکەین؟**

- بۆ مەسەلەی دیموکراسی بوونی کۆمەڵگە، من پێم وایە بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام ئەوەندەی من دەتوانم لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کە دەکرێت بڵێین کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەیەکی دیکە دیموکراتیترە، لەگەڵ ئەوەشدا من لێرەدا دووبارە جەخت لەسەر گرنگی دەستوور دەکەمەوە، کە مەبەستم ئەوەیە دەبێت دەستوورێکی بەهێز هەبێت و مافی تێکڕای هاوڵاتیان و تاکەکەسەکان تێیدا پارێزراوبێت، لەبەر ئەوەی بێ بوونی ئەم دەستوورە ناتوانین بانگەشەی ئەوەبکەین نەتەوەیەکی بەهێزمان هەیە، هەروەها ئاوێتەنەکردنی گروپێکی دیارکراو لە پرۆسە سیاسییەکەدا و دوورخستنەوەیان دەبێتەهۆی ئەوەی ئەم گروپانە هەوڵی بەکارهێنانی ئامرازە ناسیاسی و توندوتیژەکان بدەن بۆ راستکردنەوەی ئەو نارەوایەتیەی لە دژیان پیادە دەکرێت.

*** پرسێکی دیکە پەیوەستە بە سەرۆکی وڵاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەرۆکی وڵاتێك بە شێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردرێت، ئەوا پێویستە لە گفتوگۆ و پەیوەندیەکی راستەوخۆدا بێت لەگەڵ هاوڵاتیانی وڵاتەکەیدا. ئایا هەڵبژاردنی سەرۆك بەم شێوەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی تێڕوانینێکی نیشتمانی؟**

- لە سیستمی دیموکراسیدا دەبێت ململانێی و رکابەری هەبێت، ئەمەش بوونی زیاد لە پارتێکی سیاسی دەخوازێت، واتە هەر کاتێك تەنها پارتێکی سیاسی هەبوو، کە هیچ رکابەرێکی نەبوو، رووبەڕووی هیچ ململانێیەك نەدەبۆوە، ئەوا ناتوانین بەو سیستمە بڵێین سیستمێکی دیموکراسی، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێك پاڵێوراوی پارتێك یان لایەنێکی سیاسی توانیویەتی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوبێت و پۆستی سەرۆکی وڵات بگرێتەدەست، ئەوا نابێت تەنها وەك سەرۆکی گروپێکی دیارکراو هەڵسوکەوت بکات، بەڵکو پێویستە سەرۆکی ئەو کەسانە بێت کە دەنگیان پێداوە، هەروەها سەرۆکی ئەو کەسانەش بێت کە دەنگیان پێنەداوە، واتە دەبێت هەوڵی پاراستنی مافەکانی تیکڕای هاوڵاتیان بدات، هەروەها دەبێت کۆشش بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و پاراستنی بەرژەوەندی هەموو لایەك بکات.

*** زۆرجار سەرۆکی وڵاتێکی دیموکراسی**

**بە چەشنێك هەست بە مەترسییەكانی سەر نەتەوە و وڵاتەكەی دەكات كە خەڵكی وڵاتەكە بەو شێوەیە دركی پێناكەن، پرسیارەكە لێرەدا ئەوەیە چۆن سەرۆك دەتوانێت قەناعەت بە خەڵكی وڵاتەكە بهێنێت بۆ ئەو هەنگاوانەی لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییانە دەیانگرێتەبەر؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاوبێت كە لە وڵات و كۆمەڵگەیەكی دیموكراسیدا چوارچێوەیەكی دەستووریمان بۆ كاركردن و بۆ چارەسەركردنی كێشەكان هەیە، بە واتایەكی دیكە چوارچێوەیەكی دەستووری بۆ گفتوگۆكردن هەیە، بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژی نارەوایەتی و كەمتەرخەمی و كەم و كوڕییەكان، واتە دەستوور ئەم مافانەی پاراستووە و دەستەبەری كردووە. لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە سەرۆك ناتوانێت لە كۆمەڵگەیەكی دیموكراسیدا كە پەرلەمانێكی بەهێز لە ئارادابێت و چاودێری كارەكان و ئەدای حكومەت بكات، هەروەها سیستەمێكی قەزائی سەربەخۆ لە ئارادابێت كە ڕۆڵی لە پاراستنی سەروەری یاسادا هەبێت، واتە لە حاڵەتی بوونی ئەم دامەزراوە و دەسەڵاتە بەهێزانەدا سەرۆكی وڵاتەكە ناتوانێت سەرۆكێك بێت لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا نەبێت، بە دەربڕینێكی دیكە بوونی ئەم دامەزراوانە هەر سەرۆكێك ناچار دەكەن كە سەرۆكێكی باش بێت. لەم سۆنگەیەوە ئەگەر سەرۆكی وڵاتەكە بتوانێت ئەم دامەزراوە و دەسەڵاتانە پشتگوێبخات، ئەگەر سەرۆك بتوانێت پەرلەمان و دەسەڵاتی قەزائی وڵاتەكە پەراوێزبكات، بە چەشنی ئەوەی لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەفریقیا، یان وڵاتە تازەگەشەكردووەكان بە شێوەیەكی گشتی بەدی دەكەین، ئەوا ناتوانین بڵێین سەرۆكی وڵاتەكە لە ئاستی بەرپرسارێتیدا ڕەفتار دەكات و بڕیار و هەنگاوەكانی دەبنە مایەی خزمەتكردن بە بەرژەوەندی خەڵكی وڵاتەكە.

*** یەكێك لە لایەنە گرنگەكانی دیكە لە كۆمەڵگە دیموكراسییەكاندا بریتییە لەو هەنگاو و ڕێ و شوێنانەی بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی قەیران و تەنگژەكان دەگیرێنەبەر، كە ئەمەش بە مانای گەڵاڵەكردنی گوتارێكی نەتەوەیی یەكگرتوو دێت، پرسیارەكە ئەوەیە ڕۆڵی سەرۆك لە ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونە جیاوازەكان و داڕشتنی ئەم گوتارە نەتەوەییە لە یەك كاتدا چییە؟**

- من لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی پێشتر ئاماژەم پێكرد كە ئەویش بریتییە لەوەی سەرۆكی هەڵبژێدراو دەبێت سەرۆكی هەموو لایەك و هەموو هاوڵاتییەك بێت، ئەوانەی دەنگیان پێداوە و ئەوانەشی دەنگیان پێنەداوە. ئەرك و بەرپرسیارێتی سەرۆك دروستكردن یان بنیاتنانی نەتەوەیە، ئەمەش بەوە دەكرێت كە سەرۆك ئامادەبێت خواست و داواكاری هاوڵاتیانی وڵاتەكە لەبەرچاوبگرێت و گوێ لە بیروبۆچوونەكانیان بگرێت، هەروەها دەبێت كار بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندییەكانی تێكڕای گروپ و ناوچە جیاوازەكانی وڵاتەكە بكات، واتە دەبێت سەرۆك لەگەڵ خەڵكدا كۆببێتەوە بۆ ئەوەی لە نزیكەوە پرس و ڕا لەگەڵ خەڵكدا بكات بۆ ئەوەی پێیان بڵێت كە دەبێت حكومەتەكەی من چی بكات بۆ خزمەتكردن و ئاسودەكردنی ئێوە. لە ڕاستیدا ئەم شێوە كاركردنە دەبێتەهۆی ئەوەی هەموو گروپ و ناوچە جیاوازەكانی وڵاتەكە هەست بكەن بەشێكن لە سیستەمەكە و بەشداربن و ڕۆڵیان لەو ئاراستەیەی حكومەت دەیگرێتەبەر و دیاریكردنی ئەدای حكومەتدا هەیە. لە لایەكی دیكەوە دەبێت سەرۆكی وڵات لە مێژووی كۆمەڵگەكە بڕوانێت و گەورەترین ئاستەنگ و كێشە كە ڕووبەڕووی پرۆسەی گۆڕینی بارودۆخی وڵاتەكە دەبێتەوە، دەستنیشانی بكات و هەوڵی چارەسەركردنی بدات، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت لە قۆناغی شەڕەوە بەرەو قۆناغی ئاشتی بڕۆین، ئەگەر بمانەوێت قۆناغی ئینتیقالی سەركەوتوانە تێپەڕێنین، ئەوا پێویستیمان بە پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی هەیە، پێویستیمان بە پرۆسەی ئاوێتەكردن هەیە، كە ئەمەش ڕەخساندنی دەرفەت و چوارچێوەیەك دەخوازێت بۆ ئەوەی لایەنە جیاوازەكان كە پێشتر دژایەتی و دوژمنایەتی لە نێوانیاندا هەبوو بكەونە گفتوگۆ و بتوانن ئەو كێشانەی لە نێوانیاندا هەبووە تەجاوزی بكەن، بۆ نموونە لە وڵاتی نەیجیریا دوای شەڕی ناوخۆ، هەنگاوەكان بە ئاراستەی هێنانەدی ئەم ئامانجانە هەڵگیراون.

*** بوونی تیروانینێكی نیشتمانی یەكگرتوو هۆكارێكە بۆ چالاككردنی ئەندامانی كۆمەڵگەكە لە قۆناغە هەستیارەكاندا، بە شێوەیەكی گشتی ئێوە چۆن ئەمە دەخوێننەوە؟**

- ئێمە دەزانین لەسەر ئاستی نەتەوەیی چەندین گروپی ئیتنی و چەندین نەتەوەی جیاوازی دیكە لە ئارادان، كە مەرج نییە پەیوەندی نێوان گروپی كەمینە و گروپی زۆرینە پەیوەندی سەركوتكاری و پەراوێزكردن بێت، كە بە تیروانینی بوونی پەیوەندییەكی لەم چەشنە تەنانەت زیان بە گروپی زۆرینەش دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی سەركوتكاری سەردەكێشێت بۆ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ و ئاژاوە و یەكتر كوشتن، لێرەدا گرنگی بوونی چوارچێوەیەكی دەستوور دەردەكەوێت بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێك بۆ پێكەوەگونجاندنی گروپەكان و زەمینە دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی تێكڕای گروپە جیاوازەكان ببنە بەشێك لە سیستەمەكە و بتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن، لە وڵاتی نەیجیریادا بە یاسا كار بۆ هێنانەدی ئەم زەمینە و هەل و مەرجە كراوە، بۆ ئەوەی هیچ لایەنێك هەست نەكات لە دەرەوەی پرۆسەكەیە و ڕۆڵ و سەنگی پشتگوێخراوە. ئێمە دەبێت بە بەردەوامی كار بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم هەل و مەرجە بكەین و بە بەردەوامی هەوڵبدەین ئەم زەمینەسازییە بكەین، لەبەر ئەوەی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە پرۆسەیەكی بەردەوامە.

*** تا چ ڕادەیەك یەكگرتوویی نەتەوەیەك و بوونی گوتارێكی نەتەوەیی یەكگرتوو كاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئیجابی لەسەر داهاتووی وڵاتەكە دەبێت؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە ڕاستییەمان لەبەرچاوبێت كە لە دیموكراسیدا بیروبۆچوون و بەرژەوەندییە جیاوازەكان پێكەوەهەڵدەكەن، هەروەها ئەگەر توانیمان ئەم حاڵەتە دەستەبەر بكەین، ئەوا ئەو كاتە هەر لایەنێك خۆی بە خاوەنی پرۆسەكە دەزانێت و هەر لایەنێك خۆی بە بەشێك لە پرۆسەكە دەزانێت، ئەمەش بە دڵنیاییەوە ڕەنگدانەوەی ئیجابی دەبێت و دەبێتەهۆی خێراتركردنی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی وڵاتەكە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من تەنها ئەوەندە دەڵێم كە دەبێت كات و كۆششێكی زیاتر تەرخان بكەین بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و دانوستاندن، چ لەسەر ئاستی نەتەوەیی و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، چونكە توندوتیژی هیچ كێشەیەك چارەسەرناكات، بەڵكو تەنها دەبێتەهۆی لەناوبردنی ئەوەی ئێستا هەمانە.

**ئەرك و بەرپرسیارێتی سەرۆك دروستكردن یان بنیاتنانی نەتەوەیە، ئەمەش بەوە دەكرێت كە سەرۆك ئامادەبێت خواست و داواكاری هاوڵاتیانی وڵاتەكە لەبەرچاوبگرێت و گوێ لە بیرو بۆچوونەكانیان بگرێت**



**پرۆفیسۆر سواروپا گۆپتا ئوستادی مێژووە لەزانکۆی وێست بەنگال لە هیندستان و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر نەتەوە و بزاڤی ناسیونالیسی و گوتاری نەتەوەیی، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی بونیادی گوتاری نەتەوەیی یەکگرتوو و گونجاندنی لەگەڵ کلتوری کۆمەڵگە پرۆفیسۆر گۆپتا بەمجۆرە رایەکانی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

پرۆفیسۆر سواروپا گۆپتا بۆ گوڵان:

# لە بارودۆخە قەیراناوییەکاندا سەرۆک دەتوانێت پشت بەهاوکاری خەڵک ببەستێت و پردێک لە نێوان سەرەوەو خوارەوەدا دروست بکات

*** سەرەتا گووتاری نەتەوەیی چییە و بۆچی دەبێت گوتارێکی یەکگرتوو بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە؟**

- گووتاری نەتەوەیی چەمکێکی فرەڕەهەندە و مانای جۆرا و جۆر لە خۆدەگرێت. کە دەکرێت بیروبۆچون و تیرِوانینی ڕەسمی (دەربڕین و دەستەواژەی کۆنکرێتی) گروپێکی کۆمەڵایەتی-کەلتوری دیاری کراو لەخۆبگرێت. بەشێوەیەکی میسالی دەکرێت قەتیسی بکەین لە گوزارشت و دەربڕینی نوخبەکاندا، کە ئاڕاستەی خەڵك دەکرێت. هەروەها ئامانج و پرسیاری پەیوەست بە داڕشتن و دووبارە داڕشتنەوەی ناسنامەکان لەخۆدەگرێت لەسەر ئاستەکانی «سەرەوە» و «خوارەوە»دا. دەکرێت بە شێوەیەکی بنەڕەتی ڕیشەی گووتاری نەتەوەیی لە کەلتوردا بێت ( ئەمەش ناسیونالیستی کەلتوری لەخۆدەگرێت)، کە دەکرێت هاوشان بە سیاق و ئاستە جیاوازەکان، کە گرێدرابێت لەگەڵیاندا یان لێیان دابڕابێت. مەبەستم ئەوەیە گووتاری نەتەوەیی کەلتوری ڕەنگە ئەجێندایەکی سیاسی یاخود خەونی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی جیاوازی هەبێت و ڕەنگە ئەم ئەجێندا و خەونەشی نەبێت، کە ئەمەی دووەمیان «دەوڵەتی نەتەوەیی» بریتییە لە یەکەیەکی سیاسی کە سنوری دیاریکراوی هەیە و خاوەنی سیستمێکی ئابووری هاوبەشە. بۆ ئەوەی باشتر لە گووتاری نەتەوەیی تێبگەین دەبێت تیرِوانینێکی شیکاری دوانەیی بەکاربهێنێن. یەکەم دەکرێت ئەمە لیکۆڵینەوەو شیکردنەوە بێت بۆ ئەو کەلتورەی لە ئارادایە و ئەو بارەی ئەم کەلتورە لە داهاتوودا پێی دەگات. دووەم، دەکرێت بزوتنەوەیەکی سیاسی بێت (ناسیونالیزم) کە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی جیاواز دەدات.

هەروەها دەبێت ئەم گووتارە گوتارێکی یەکگرتوبێت، لەبەرئەوەی بەشداریکردنی گروپە ئیتنی، چینایەتی و ناوچەی و جڤاتییە جیاوازییەکان توخمێکی گرنگە لە پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییدا، یاخود لە پێکهێنانی سیستمی کەلتوریدا، کە ئەگەرچی پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەیەکی سیاسی لەخۆناگرێت، بەڵام هێشتا لە هەناوی خۆیدا ئەو هێزە یەکخەرانەی هەڵگرتووە کە لە کەلتورەوە سەرچاوە دەگرن. هەم گووتاری ناسیونالیستی کەلتوری و هەم گووتاری ناسیونالیستی سیاسی فرەیی لە خۆدەگرن کە دەبێت ئەم فرەییەیش بە شێوەیەکی ئاشتیانە پێکەوەبگونجێنرێن-لە رێگای نوسین، مشتومڕ و گفتوگۆکردنەوە، هەروەها لە ڕێی ئەو مونتەدایانەی تێیدا بیروبۆچونەکانیان تێدا تەرح دەکرێن.

*** چۆن گووتاری نەتەوەیی دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵکی لەو کێشە و گرفتانە تێبگەن کە ڕووبەڕووی وڵاتەکەیان دەبێتەوە، بەدەربڕینێکی دیکە چۆن تێگەیشتنی خەڵك لەکێشەکانی وڵاتەکەیان هۆکارێك بۆ هاتنەدی گووتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو؟**

- دەبێت گووتاری نەتەوەیی ڕوبەڕووی کێشەکانی دەوڵەت ببێتەوە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەرکێکی بەردەوامی پێکەوەگرێدانی توخم و بەشە جیاوازییەکانی خەڵکی هەیە لە یەکەیەکی جوگرافی و سیاسیدا کە خاکێکی دیاریکراوی هەبێت. ئەگەر هیچ هاوکارییەك لە نێوان دەوڵەت و گروپە جیاوازەکاندا نەبێت کە بەشدارن لە گووتاری نەتەوەییدا، ئەوا بارودۆخەکە بە بنبەست دەگات و ڕەنگە ئارەزوو و خواستی جیابوونەوەش سەرهەڵبدات. لەم سۆنگەیەوە، دەبێت پێکهاتە جیاوازەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە هەڵبستێت بە داڕشتنی گووتارێکی سیاسیی کە

تێیدا بواری مشتومڕ و گفتوگۆکردن و پەیوەندی هەبێت لەنێوان ئەکادیمییەکان، بەرپرسەکان و خەڵکدا، یاخود بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی گفتوگۆیەکی زیندووی هەبێت لەگەڵ دەوڵەتدا. ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی ڕێگایەکی دووسەرە، واتە کارلێکی نێوان گەمەکارەکانی گووتاری نەتەوەیی و دەوڵەت. ئەمەش کارئاسانی دەکات بۆ هێنانەدی کۆدەنگییەك لە نێوان خەڵك (کۆمەڵگەی مەدەنی) و دەوڵەتدا.

*** بەڵام ئایا چۆن بوونی گوتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بتوانن لە گۆشەیەکی دیکە ڕەخنە لە کێشەکان بگرن و تا چ ڕاددەیەکیش بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بتوانرێت بە گرتنەبەری میکانیزمێکی باشتر کێشەکان چارەسەربکرێن؟**

- ڕەنگە هەموو دەوڵەتێکی نەتەوەیی ڕووبەڕووی کێشەی ئاوێتەکردنی پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵکی وڵاتەکە ببێتەوە کە خاوەنی دابونەریت و ناسنامە و کەلتوری تایبەتی خۆیانن. بوونی هاوپەیمانێتییەك لە نێوان گوزارشتکارانی گووتاری نەتەوەیی و دەوڵەت گرنگە بۆ یەکلاکردنەوەی ئاشتیانە و هاوچەرخانەی ئەم کێشانە. لێرەدا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە دەبێت پەیوەندی نێوان خەڵك و دەوڵەت پێویستە لەسەر دوو ئاستدا بێت: (١) کەلتوری و (٢) سیاسی. کارکردنیش لەسەر هەر یەکێك لەم ئاستانە پەیوەستە بە جۆری کێشەکان و چۆنیەتی ڕیزبەندکردنیان لە ئەجێندای دەوڵەتدا. کەلتور و هەروەها بیرۆکەی یەکبوون و یەکێتی لە واقیعدا ئەوەندە هێزێکی کاریگەری یەکخەرن کە دەکرێت یارمەتیدەر بێت لە یەکالاکردنەوە و خاوکردنەوەی ڕکابەری و دژایەتییە سیاسییەکاندا. ئەمەش بەو مانایەدێت کە خەڵکی وەلائیان هەیە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی و وەك دەرئەنجامێکی سروشتی ئەم وەلائەش ئینتیمایەکی هاوبەشیان هەیە.

*** ئایا ڕۆڵی سەرۆك یان سەرکردەی وڵاتەکە چییە لە هێنانەدی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوودا، بە تایبەتی لە قۆناغە هەستیارەکاندا؟**

سەرۆك چەندین دەسەڵاتی ڕەسمی و نارەسمی هەیە، دەبێت سەرۆکیش ئەوەندە بە حەزەربێت بتوانێت گووتاری نەتەوەیی بە ئاقارێکی مەبەستدار و پێشکەوتنخوازدا ئاراستەبکات. لە هەلومەرجە هەستیارەکاندا، کاتێك نەتەوەیەك ڕووبەڕووی ناسەقامیگری سیاسی دەبێتەوە، ڕەنگە سەرۆك دەستێوەردان بکات، یاخود ئەو بوارانە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لە بارودۆخە قەیراناوییەکاندا دەتوانێت پشت بە هاوکاری ژمارەیەکی زۆری خەڵك ببەستێت، لە نێویاندا سەرکردە سیاسییەکان، خەڵکە مەدەنییەکە و تەنانەت دەتوانێت پردێك لە نێوان ئاستەکانی سەرەوە و خوارەوەی کۆمەڵگەکە دروست بکات. ئەم سەرچاوە بەهێزانەی سەرۆکایەتی توخمێکی بنەڕتین بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخە پڕ لە تەنگژەکان. ئەگەر سەرۆك خاوەنی ئەزموونێکی زۆربێت، ئەوا دەتوانێت کۆدەنگییەك لەنێوان لایەنە ڕکابەرەکاندا بهێنێتەدی. جگە لە پێکەوە پەیوەستکردنی پێکهاتە جیاوازەکان و بەدەستهێنانی پشتگیر ئەو پێکهاتانە، ئەوا سەرۆك دەتوانێت هێزی کەلتور بخاتەگەڕ لە پێناو پێکەوەگرێدانەوەی گروپ و پارت و گەمەکار و چالاکگەرە جیاوازەکان لەسەر شانۆی سیاسەت. ئەمە میکانیزمێکی ناسیاسییە لەپێناو بەدەستهێنانی تەوژمێکی سیاسیدا بە شێوەیەکی ناتوندوتیژانە. بەهۆی چەندین ئامرازی جیاوازەوە سەرۆك دەتوانێت کەرتبوون و دابەشبوونە جیاوازەکانی پەیوەست بە هۆکارە ئیتنیەکانەوە لێکنزیکبکاتەوە. بۆ نموونە لە موریشیوس ئەگەر کێشەیەکی پەیوەست بە زمانەوە هەبێت، ئەوا سەرۆك چەندین بەرنامەی پەیوەست بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەخاتەڕوو. ئەم کارەش یارمەتیدەردەبێت لە بەرهەمهێنانی بیرۆکە و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گونجاوەکاندا

*** لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا هەمیشە باسی ئەوە دەکرێت کە دەبێت بواری بەشداریکردن بۆ تێکڕای هاووڵاتییان بڕەخسێنرێت، کە هەندێ لە چاودێران پێیان وایە بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئەم بەشداری کردنە، تا چ ڕاددەیەك هاوڕایت لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا؟**

- ئاشکرایە گووتاری نەتەوەیی سیاسی، کە خۆی لە چەندین ووتاری پەیوەست بە پێداویستی بەشدارییەکی گەورەتر و کاریگەرتری زیاتری چینە جیاوازەکاندا بەرجەستە دەکات، هۆکارێکە بۆ پێوانەکردنی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا. بیرۆکەی ناسیونالیستی سیاسی دەرگا واڵا دەکات بۆ خستنەگەڕی ووزە و توانا زۆرەکانی ئەو هاوڵاتیانەی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا دەژین. بەڵام دەبێت ئەم بەشداریکردنەش لە ڕێی کەناڵە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریە کاریگەر و لۆجیکییەکانەوە ئەنجامبدرێت، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ بەرفراوانکردن و قوڵکردنەوەی ئەم گووتارە و جێبەجێکردنە عەمەلییەکانی. هەروەها ئەمە دەبێتەهۆی بەڕێوەچوونی سیستمە دیموکراتییەکە بە شێوەیەکی بێکێشەتر، ئەویش لەسەر بنەمای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نەزیە و ئازاد، بوونی سیستمێکی قەزائی سەربەخۆ، سەربەخۆی ڕۆژنامەگەری و بوونی سیستمی فرەحزبایەتی.

*** تا چ ڕاددەیەك بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دروستبوونی نەوەیەکی چالاك؟**

- کاتێك پانایی و قوڵایی گووتاری نەتەوەیی سیاسی بەرفراوانتر دەبێت، ئەوا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سەرنجی نەوەی گەنجان ڕادەکێشێت. کاتێکیش ئەم نەوەیە زیاتر بەساڵادەچێت و زیاتر ژیر و کامڵتر دەبێت، ئەوا جڵەوی دەستپێشخەرییەکە دەگرێتە دەست بۆ پێکەوە گونجاندنی گروپە جیاوازییەکان لە ڕێی ئامرازە سیاسی، کەلتوری و کۆمەڵایەتی ئاشتیخوازەکانەوە. لەبەر ئەوەی نەتەوەکان هەر بۆ ئایندە دەڕوانن، ئەوا ئەم نەوە نوێیە ئایندەیەکی باشتر

**گوتاری نەتەوەیی چەمکێکی فرەڕەهەندە و مانای جۆرا و جۆر لە خۆدەگرێت. بەشێوەیەکی میسالی دەکرێت قەتیسی بکەین لە گوزارشت و دەربڕینی نوخبەکاندا**

بۆ وڵاتەکە ئەهێننەدی، هەروەها لەڕێی گرتنەبەری چەند ڕێ و شوێنێکی کۆنکرێتییەوە، هەڵدەستن بە ڕامالینی دوژمنایەتییەکان. بەهۆی بوونی نەوەی نوێ ئەگەری ئەوە هەیە نەتەوەکە زیاتر پارێزراوبێت، هەروەها تاکەکەس و گروپەکانی هەڵبسن بە دەوڵەمەندکردنی قەوارەکە و هێنانەدی چارەنوسێکی هاوبەش. لە ڕێی گرتنەبەری چەند میکانیزمێکی کەلتوری دیاریکراوەوە، نەوەی نوێ کۆمەڵگەی ئێستا دەکەنە کۆمەڵگەیەکی داهێنەر کە بەهۆی خەون و بیروباوەڕە هاوبەشەکانەوە نەتەوەکە پێکەوە پەیوەست دەکەن.

*** ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بە قۆناغی ئینتیقالیدا دەڕۆن ئەوا هۆکاری دوژاربوونی زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا بۆ نەبوونی گووتارێکی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نەبوونی ئەم گووتارە تا چ ڕاددەیەك ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئایندەی وڵاتەکە؟**

- لەڕاستیدا گووتاری نەتەوەیی سیاسی گرنگییەکی بێئەندازەی هەیە لەو کۆمەڵگەیانەی ڕوبەرووی تەنگوچەڵەمەکانی پەیوەست بە قۆناغی ئینتیقالی و ناسەقامگیری کاتی دەبنەوە. ڕەنگە ئەمە شێوەی گووتاری کەلتوری وەربگرێت. بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرجار بوارە سیاسی و کەلتورییەکان یەکتردەبڕن، ئەوا ئەم گووتارە ڕەنگێکی سیاسی وەردەگرێت. قۆناغی ئینتیقالی ئەوە لە خۆ دەگرێت کە ناسنامەکان لە قەیراندان، کە ڕوبەڕووی دژوارییەکانی گۆڕان دەبنەوە، کە ڕەنگە ئەم گۆڕانکاریانەش جیاوازبن بە پێی جیاوازی گروپەکانی کۆمەڵگەکە. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە بوونی گووتارێکی نەتەوەی سیاسی یەکگرتو گرنگە بۆ یەکخستن و پێکەوەگونجاندنی گروپ و جڤاتە جیاوازەکان بۆ ئەوەی بکرێنەبەشێك لە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆز و داهێنەر. ڕەنگە قۆناغی ئینتقالی و قەیرانەکانی پەیوەست بە ناسنامە بەو مانایە بێن کە تاکەکەس و کۆمەڵگەکان لە کێشەدان، کە ڕەنگە چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەش پێویست بە گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە و دۆزینەوەی بەهای هاوبەش و یەکگرتنەوە بکات.

*** ئایا تا چ ئەندازەیەك بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دیموکراسی و گووتاری مەدەنی لە وڵاتەکەدا؟**

- ئەگەر وڵاتێك کەشێکی سیاسی گونجاوی هەبوو بۆ گەشەکردن و

دەبێت گووتاری نەتەوەیی ڕوبەڕووی کێشەکانی دەوڵەت ببێتەوە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەرکێکی بەردەوامی پێکەوەگرێدانی توخم و بەشە جیاوازییەکانی خەڵکی هەیە لە یەکەیەکی جوگرافی و سیاسیدا



گەورەبوونی گووتارێکی نەتەوەیی سیاسی، ئەوا دەتوانێت برەو بە گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بدات، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕە دیموکراسییەکان. دەبێت بواری دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی وەك دوو بواری بەیەکداچوو لەقەڵەمبدەین. ئەم بەیەکداچوون و پێکەوە پەیوەستبوونەش لە ڕێی کۆبونەوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و مونتەداکانی ئاڵوگۆڕی بیروباوەڕە سیاسی و کەلتورییەکانەوە برەویان پێدەدرێت.

*** ئایا لەو کۆمەڵگەیانەی بەدەست ناکۆکی ئیتنی و نەتەوەییەوە دەناڵێنن، تا چ ئاستێك بوونی ئەم گووتارە دەبێتەهۆکارێك بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ناکۆکیانەدا، یان چارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە؟**

- لە جیهانی هاوچەرخدا ناکۆکیی ئیتنی و نەتەوەییەکان ئاستەنگن لەبەردەم پرۆسەی ئاوێتەکردندا لە زۆرێك لە وڵاتاندا. ئەنترۆپۆلۆجە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد بوونی گروپە ئیتنیە جیاوازەکان وەك هۆکاری ناکۆکی لێکدەدەنەوە. گروپە ئیتنیەکان نەك تەنها بەهۆی هۆکارە کەلتوریەکانی وەك زمان، ئاین، و داب و نەریت و نیشتیمانەوە، بەڵکو بەهۆی دواکەتویی سیاسی و ئابووری یاخود نەبوونی گەشەکردنێکی یەکسان لە نێو گروپەکاندا دابەش دەبن. لە وڵاتە فرە ئیتنیەکاندا، چارەسەرەکە لە وروژاندنی یەکێتیەکدایە کە بەهۆی جەختکردنەوەلەسەر لایەنە کەلتوری و مێژووییە هاوبەشەکانەوە دێتەدی. هەروەها چارەسەرەکە لە هەستی یەکبووندایە کە دەبێت لە نێو لایەن و پێکهاتە جیاوازەکاندا بێتەدی. هەروەها دەکرێت ناکۆکییە ئیتنی و نەتەوەییەکان بەهۆی دانوستاندنی ئاشتیانەی بەردەوامی نێوان گروپە ڕکابەرەکانەوە چارەسەربکرێن، لەگەڵ ئەنجامدانی کۆبونەکەکان و بەشداری کردنی کۆمەڵگەی مەدەنی. دەکرێت ئەم ئامانجە لە ڕێی خستنەگەڕی گووتارێکی نەتەوەیی سیاسی چالاکەوە بەدەست بهێنرێت. بۆ ئەوەی ناکۆکیەکان چارەسەربکرێن، دەبێت دەرفەت بە گروپە ئیتنیەکان بدرێت بۆ ئەوەی بەشداری لە دەسەڵاتی یاسادانان و داڕشتنی سیاسەتەکاندا بکەن. لەبەر ئەوەی ڕیشەی زۆرێك لە دابەشبوونی ئیتنیەکان لە هۆکارە ئابووریەکاندایە، دەبێت گووتارێکی نەتەوەیی سیاسی و گوزارشتکارانی هەڵستن بە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لە ڕێی هاوکاری کردن، میانگیری و هەنگاونانی کۆنکرێتیەوە.

**سەرۆک دەتوانێت کەرتبوون و دابەشبوونە جیاوازەکانی پەیوەست بە هۆکارە ئیتنیەکانەوە لێکنزیکبکاتەوە**





**خاتوو لیبۆڤ میچیڤا ئوستادی زانستی سیاسییەتە لە زانکۆی میرلاند و بەڕێوەبەری پرۆسەی بونیادی ئاشتییە لە بەلکان لە هەمان زانکۆ و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر بولگاریە، خاتوو لیبۆڤ پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر بزاڤە نەتەوەییەکان و کێشەی ناسنامەی نەتەوەکان و چۆنیەتی بونیادی ئاشتی لە کۆمەڵگە فرە نەتەوەدا، بۆ قسەکردن لەسەر بونیادی نەتەوە و ڕووبەڕووبونەوەی قۆناخە سەختەکان، خاتوو لیبۆڤ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## لیبۆڤ میچیڤا بۆ گوڵان:

# سەرۆک بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی گفتوگۆ دەخاتە سەر شانی خۆی بۆ هێنانەدی کۆدەنگیەکی نەتەوەیی

*** پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە یەکێکە لە قۆناخە چارەنووسسازەکان و هیچ نەتەوەیەك بوونی نابێت ئەگەر خاوەنی خیتابێکی یەکگرتوو نەبێت، ئایا لەقۆناخی بونیادی نەتەوەدا چۆن خیتابی یەکگرتوو بونیاد دەنرێت؟**

- پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە، پرۆسەیەکی درێژخایەنە. گەورەیی و سروشتی ئەو تەحەددیاتەی لەم قۆناغەدا ڕووبەڕوویان دەبینەوە، جۆراوجۆرن. بە دڵنیاییەوە یەکێك لەم تەحەددیاتانە دروستکردنی بازاڕێکی نەتەوەیی یەکگرتووە. لەبەر ئەوەی ئەمە پێشمەرجی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی یەکگرتووە، هەروەها پێشمەرجی بنیاتنانی دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەتی، نەتەوەییە. ئەو پرۆسەیەی سەرەتا لە دامەزراندنی بناغەیەکی ئابووریەوە دەست پێدەکات، بریتییە لە پرۆسەی یان شێوازی لەخوارەوە بۆ سەرەوە. کە ئەم شێوازەش لە لایەن زۆرێك لە نەتەوە ئەوروپییەکانەوە لە پرۆسەی خۆدامەزراندنیاندا وەك نەتەوەگەلێکی دیموکراسی یەکگرتوو پیادەکرا.

لەگەڵ ئەوەشدا شێوازێکی دیکەش هەیە، بریتییە لە شێوازی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، کە لەلایەن زۆرێك لە نەتەوەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە پەیڕەوکراوە. سەرەتا ئەم نەتەوانە دەستیانکرد بە ڕێکخستن و دامەزراندنی خۆیان وەك کۆمەڵگەلێکی ئیتو نەتەوەیی، ئەویش لە ڕێی پەرەپێدانی ئایدۆلۆجیایەکی نەتەوەیی بەهێزەوە. ڕۆشنبیرە ڕۆشنگەرەکان لەم پرۆسەیەدا بەشدرابوون. تەنانەت هەندێکیان دواتر بوونە سەرکردەی سیاسی. ئەوان بەهۆی ئامرازە سیاسییەکانەوە نەك ئابوورییەکان ئەرکی بنیاتنانی نەتەوەییان گرتەئەستۆ. ئەزموونە مێژووییەکان ئەوەیان پیشانداوە ئەمە ڕێگایەکی سەختترە و کەمتر جێی دڵنیاییە، کە ڕوودانی توندوتیژیش بەهۆی گرتنەبەری ئەم ڕێگایەوە شتێکی ڕێککەوت نەبوو. لە ڕووی میسالیەوە، ئەگەر بمانەوێت دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بەهێز لە ساتەوەختە سەختەکاندا بەدەست بهێنین، دەبێت لە یەك کاتدا پەرە بە سیاسەتی دیموکراسی و ئابووری بازاڕ بدەین.

*** بەڵام لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا بەهۆی بوونی بیروبۆچوون و تێڕوانینی جیاوازەوە، ئەوا هێنانەدی تێڕوانین و هەڵوێستێکی نیشتمانی یەکگرتوو کارێکی ئاسان نییە، ئایا لە کاتی بوونی ئەم هەموو بیروڕا جیاوازانەدا ئەم تێڕوانینە نیشتمانییە دروست بکەین؟**

- من هاوڕانیم لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەی دەڵێت «بنیاتنانی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو لە دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا پرۆسەیەکی سەختە.» بەدڵنیاییەوە لە دەوڵەتە دیموکراسییە دێرینەکاندا بیروبۆچوونی جیاواز لە بارەی کێشە جیاوازەکانەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە ئەوە دەستنیشان بکەین کە کام لەو کێشانە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گرنگیان هەیە. هەروەها دەکرێت لە ڕووی سیاسییەوە گوزارشتیان لێبکرێت. ئەو سیاسەتە جیاوازانەی لە دەوڵەتە دیموکراسییە دێرینەکاندا پیادە دەکرێت، دەکەونە چوارچێوەی «ڕاسترەو-چەپڕەو»ی شەبەنگە ئایدۆلۆجیەکەوە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەم دابەشبوونە ئایدۆلۆجیەش ئەو گرنگیەی لەدەستداوە کە لە ڕابردودا هەیبوو. هەروەها بەردەوام گرنگیەکەی لە کاڵبونەوەدایە، ئەمە لە کاتێکدا ئەم دەوڵەتانە پەرەیان بە ئابوورییەکی بازاڕی بەهێز داوە. کەواتە ئەوەی بۆتە بناغە و بونیادی سیاسەتی هاوچەرخی ئەم ڕۆژگارە چیە، یاخود لەم ڕۆژگارەدا دابەشبوونە ئایدۆلۆجیەکە چۆنە؟ بە گوزارشتی تۆنی بلێر، دابەشبوونی «ڕاست-چەپ»ی ئایدۆلۆجی جێی چۆڵکردووە بۆ «کرانەوە» لە بەرامبەر «داخران»ی بازاڕی نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئاست بەجیهانیبووندا. هەروەها ئەگەر باش بێت یان خراپ، پێدەچێت کۆدەنگییەکی گشتی لە نێوان گەمەکارە سیاسییەکاندا لە بارەی ئەم پرسەوە هەبێت، یاخود بەلای کەمەوە لە نێو ئەو کەسانەدا کە لە ئێستادا سیاسەتی ئەورووپا بەڕێوەدەبەن.

*** پرسێکی دیکە پەیوەستە بە سەرۆکی وڵاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەرۆکی وڵاتێك بە شێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردرێت، ئەوا پێویستە لە گفتوگۆ و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدا بێت لەگەڵ هاوڵاتیانی وڵاتەکەیدا. ئایا هەڵبژاردنی سەرۆك بەم شێوەیە دەبێتەهۆی دروستبوونی تێڕوانینێکی نیشتمانی؟**

- سەرۆك بۆ سازدانی ڕای گشتی بە پێی سیاقە سیاسییەکە دەگۆڕێت. ئەو سەرۆکەی کەسایەتییەکی کاریزمی هەیە زۆر سەرکەوتوتر دەبێت لەم کارەدا. بەڵام ئایا ئەمە ئەو شتەیە کە بە ڕاستی پێویستمان پێیەتی؟ بە دەستەواژەی ماکس ڤیبەر، ئەم مۆدێلە بە کەڵکی « دیموکراسیەتی سەرکردایەتیکردن لە ڕێی ڕاپرسیەوە» دێت. دەکرێت ئەمە مۆدێلێکی کارا بێت و ڕەنگە

**ئەگەر بمانەوێت دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بەهێز لە ساتەوەختە سەختەکاندا بەدەست بهێنین، دەبێت لە یەک کاتدا پەرە بە سیاسەتی دیموکراسی و ئابووری بازاڕ بدەین**

سەرکەوتوش بێت، بەڵام ئایا ئەمە تاکەی درێژەدەکێشێت و سوودی بۆ کێ دەبێت؟ لەم روانگەوە، باشترە وەك دامەزراوە لە سەرۆك بڕوانین. واتە دەبێت سەرۆك بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی گفتوگۆ بخاتە ئەستۆی خۆی بۆ هێنانەدی کۆدەنگییەکی نەتەوەیی. بە دڵنیاییەوە ئەم دامەزراوەیەش لەگەڵ دامەزراوە سیاسییە دیموکراسییەکانی دیکەدا کاردەکات بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتەی دەگیرێتەبەر، سیاسەتێکی شەرعی بێت.

*** زۆرجار سەرۆکی وڵاتێکی دیموکراسی بە چەشنێك هەست بە مەترسییەکانی سەر نەتەوە و وڵاتەکەی دەکات کە خەڵکی وڵاتەکە بەو شێوەیە درکی پێناکەن، بۆ نموونە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا وینستۆن چەرچڵ هەستی بە مەترسی نازییەکان کردبوو، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی بەریتانیا لەو کاتەدا بە شێوەیەك ئەم مەترسییەیان لەبەرچاو نەگرتبوو، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن سەرۆك دەتوانێت قەناعەت بە خەڵکی وڵاتەکە بهێنێت بۆ ئەو هەنگاوانەی لە پێناو رووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییانە دەیانگرێتەبەر؟**

- من دڵنیانیم لەوەی بتوانین لێرەدا ئەزموونی «چەرچڵ» بەکار بهێنین؟ پێدەچێت پرسیارەکەی ئێوە دوولایەنی هەبێت. لایەنی یەکەم پەیوەستە بە درێژەکێشانی دیموکراسییەوە. لایەنی دووەم پەیوەندیدارە بە گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکی گونجاوەوە. هەڵەکردن لەهەر یەکێك لەم لایەنانەدا هەڵەی کوشندە دەبن. بەڵام هەڵەکردن لە پیادەکردنی سیاسەتێکی دیموکراسیدا کاریگەری و رەنگدانەوەی درێژخایەنی لەسەر بەرەوپێشچوونی وڵاتەکە بە گشتی دەبێت. چۆن سەرۆك دەتوانێت قەناعەت بە نەتەوەکەی بکات بۆ ئەوەی لە ساتەوەختەکانی قەیراندا رێگای راست هەڵبژێرن؟ ئەمە پرسیارێکی قورسە. سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە «رێگای راست» دەستەواژەیەکی موجەڕەدە و دەکرێت لەلایەن زۆرێك لە لایەنە سیاسییەکانەوە مشت و مڕی لەبارەوە بکرێت و تەحەددای بکرێت. بەڵام ئەگەر لەم مشت و مڕانە دووربکەوینەوە، ئەوا دەبێت ئەم پرسیارە بکەین، چۆن سەرۆك دەتوانێت سەرکەوتوبێت لە قەناعەتپێهێنانی نەتەوەکەی بە پێویستی گرتنەبەری سیاسەتێکی ناجەماوەری؟ پێدەچێت چەند ستراتیجیەتێك لەم رووەوە هەبێت کە هیچیان خۆیان لە خۆیاندا ستراتیجێکی کارانەبن. یەکەمیان بریتییە لە کەڵکوەرگرتن لە سیحر و کاریزمای کەسایەتی سەرۆك. دووەم، پێویستی هێنانەدی کۆدەنگییەکی نەتەوەیی بەرفراوان بۆ گرتنەبەری سیاسەتێك کە لەسەر بنەمای زیادکردنی ژمارەی دۆستایەتییەکان لەگەڵ پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵە گشتییەکاندا بنیانرابێت. سێیەم، سەرکێشی کردن و گەمەکردن بە دۆست و نەیارەکان، بۆ ئەوەی لایەنگری سەرۆك بکەن و لە نێو خۆیاندا بەرهەڵستی یەکتر بکەن. رەنگە ئەمە ستراتیجیەتێکی کورتخایەن بێت، کە مەرج نییە ستراتیجەیتێکی کاراش بێت. چوارەم، بریتییە لە ئارامگرتنێکی بە حەزەر، ئەویش هەوڵدانە بۆ سوودوەرگرتن لەو دەرفەتەی بەهۆی ئاڕاستە سیاسییەی لە ئارادایە، دروست بووە و بە بەرژەوەندی سەرۆك دەشکێتەوە. من دووبارەی دەکەمەوە دەبێت یەکێتی نەتەوەیی بەهۆی ئامرازەکانی وەك قەناعەتپێهێنان، گفتوگۆی گشتی، بەشداربوونی دامەزراوە و لایەنەکانی دیکە لە پرۆسەکەدا بهێنرێنەدی. ئەوەی دەبێت لەیادی نەکەین ئەوەیە پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی پرۆسەیەکی درێژخایەنە. نابێت چاوەڕی سەرکەوتنێکی خێرابکەین، ناتوانین لە شەو و رۆژێکدا ئیجماعێکی نەتەوەیی بهێنینیەدی.

*** لە کۆمەڵگە فرەنەتەوەکاندا کە نەتەوەیەکی دیارکراو تێیدا باڵادەستە، چۆن نەتەوەکانی دیکە کە لەلایەن نەتەوەی باڵادەستەوە هەڕەشەیان لێدەکرێت بتوانن نەتەوەی باڵادەست ناچاربکەن رێز لە نەتەوە کەمینەکان بگرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە. چۆن بتوانرێت نەتەوەی باڵادەست فێربکرێت بۆ ئەوەی رێز لە مافی کەمینە بگرێت؟ سەرەتا دەبێت کۆدەنگییەکی گشتی و بنەڕەتی بێتەئاراوە کە دەبێت مافی کەمینەکان لە سیاسەتی پیادەکراوی دەوڵەتدا لەبەرچاوبگیرێت. ئەگەر ئەم مەرجە بهێنرێتەدی، ئەوا چەندین رێگا و شێواز هەن بۆ پێکەوەژیانی بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی پێکهاتە جیاوازەکان. سەرەتا دەبێت دەسەڵاتێکی یاسادانانی گونجاومان هەبێت. دواتر دەبێت دەزگاکانی راگەیاندن بەشداری پرۆسەکە بکەن. هەروەها رێکخراوە ناحکومییەکانیش جێی متمانەن و دەتوانن لە مەودای دووردا کار بۆ ئەم ئامانجە بکەن. چوارەم، دەبێت رێکخراوە حکومی، کلتووری، پەروەردەیی و بازرگانییەکانیش رۆڵی خۆیان ببینن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر لە سەرەتاوە کۆدەنگییەکی گشتی لەسەر سیاسەتی پەیڕەوکرا لە ئاست کەمینەکاندا لە ئاردانەبوو، دەکرێت بە دوای هاوپەیمانێتی دەرەکیدا بگەڕێن بۆ ئەوەی لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا هاوکاری پرۆسەکە بکەن. شەریکی میسالی لەم رووەوە بریتییە لەو رێکخراوە نێودەوڵەتییانەی تۆمارێکی باشیان لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا هەیە.

*** هەروەها ئێمە دەزانین بوونی تیڕوانینێکی نیشتمانی یەکگرتوو هۆکارێکە بۆ چالاککردنی ئەندامانی کۆمەڵگەکە لە قۆناغە هەستیارەکاندا، بە شێوەیەکی گشتی ئێوە چۆن ئەمە دەخوێننەوە؟**

- شتێکی لۆجیکییە کە ئەگەر کۆمەڵگە بە «گشتی» چالاك بێت، ئەوا «بەشەکانیش» چالاك دەبن. رەنگە باشتربێت ئەم پرسیارە بکەین، ئایا ئەمە میکانیزمێکی میسالییە بۆ چالاککردنی تاکەکەسەکان؟ من دەڵێم مەرج نییە؟ مەرج نییە «کەمینە» بتوانێت «دەسەڵات»ی هەبێت، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئیجماعی نەتەوەیی لەسەر ئامانجە سیاسییە نادیموکراتییەکان یان ناسیونالیستییەکان دێتەدی. بە تیڕوانینی من ئەو پرۆسەیەی سەردەکێشێت بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دیموکراتی، پرۆسەیەکی جیاوازە. ئەویش پشت بە رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن، قوتابخانە، زانکۆ، رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و پارتە سیاسییەکان دەبەستێت. دەبێت تاکەکەسەکان بکەونە ژێر کاریگەری ئەم لایەنانەوە، هەروەها دەبێت ئەو مافەیان پێبدرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بڕیاربدەن. کەواتە هەندێ لە بڕیارەکانی تاکەکەسەکان هاوشان نییە بە کاریگەری «دیموکراسیەتی زۆینە».

*** بە رای زۆرێك لە شارەزایان سەرکەوتنی نەتەوەیەك لە قۆناغە هەستیار و سەختەکاندا دەبێتەهۆی ئەوەی نەوەی داهاتوو تیڕوانینێکی گەشبینانەی لە ئاست ئایندەی وڵاتەکە و زاڵبوون بەسەر کۆسپ و ئاستەنگەکاندا هەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم سەرکەوتنە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر نەوەی داهاتوو بۆ ئەوەی ئەم تیڕوانینە گەشبینانەیان هەبێت؟**

- لە سیاسەتی بەراوردکاریدا بیرۆکەیەك هەیە باس لەوەدەکات ئەو بڕیارانەی نەتەوەیەك لە قۆناغە هەستیار و گرنگەکاندا دەیدات، کاریگەری درێژخایەنی لەسەر گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی نەتەوەکە دەبێت. پێدەچێت پرسیارەکەی ئێوەش هەر لەم چوارچێوەیەدا بێت. کەواتە بەڵێ، منیش باوەڕم وایە ئەم بڕیارانەی ئێستا دەدرێن کاریگەری درێژخایەنیان هەیە. کە باشترە ئەم بڕیارانە سوود بە تێکڕای گروپ و نەتەوەکانی وڵاتەکە بگەیەنن.

**چۆن سەرۆک دەتوانێت قەناعەت بە نەتەوەکەی بکات بۆ ئەوەی لە ساتەوەختەکانی قەیراندا رێگای راست هەڵبژێرن؟**



**پرۆفیسۆر سوارووپا گۆپتا ئوستادی مێژووە لەزانکۆی وێست بەنگال لە هیندستان و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر نەتەوە و بزاڤی ناسیونالیسی و گوتاری نەتەوەیی، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی بونیادی گوتاری نەتەوەیی یەکگرتوو و گونجاندنی لەگەڵ کلتوری کۆمەڵگە پرۆفیسۆر گۆپتا بەمجۆرە رایەکانی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

پرۆفیسۆر سوارووپا گۆپتا بۆ گوڵان:

# لە بارودۆخە قەیراناوییەکاندا سەرۆک دەتوانێت پشت بەهاوکاری خەڵک ببەستێت و پردێک لە نێوان سەرەوەو خوارەوەدا دروست بکات

*** سەرەتا گووتاری نەتەوەیی چییە و بۆچی دەبێت گوتارێکی یەکگرتوو بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە؟**

- گووتاری نەتەوەیی چەمکێکی فرەڕەهەندە و مانای جۆرا و جۆر لە خۆدەگرێت. کە دەکرێت بیروبۆچون و تیڕوانینی ڕەسمی (دەربڕین و دەستەواژەی کۆنکرێتی) گروپێکی کۆمەڵایەتی-کەلتوری دیاری کراو لەخۆبگرێت. بەشێوەیەکی میسالی دەکرێت قەتیسی بکەین لە گوزارشت و دەربڕینی نوخبەکاندا، کە ئاڕاستەی خەڵك دەکرێت. هەروەها ئامانج و پرسیاری پەیوەست بە داڕشتن و دووبارە داڕشتنەوەی ناسنامەکان لەخۆدەگرێت لەسەر ئاستەکانی «سەرەوە» و «خوارەوە»دا. دەکرێت بە شێوەیەکی بنەڕەتی ڕیشەی گووتاری نەتەوەیی لە کەلتوردا بێت ( ئەمەش ناسیونالیستی کەلتوری لەخۆدەگرێت)، کە دەکرێت هاوشان بە سیاق و ئاستە جیاوازەکان، کە گرێدرابێت لەگەڵیاندا یان لێیان دابڕابێت. مەبەستم ئەوەیە گووتاری نەتەوەیی کەلتوری ڕەنگە ئەجێندایەکی سیاسی یاخود خەونی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی جیاوازی هەبێت و ڕەنگە ئەم ئەجێندا و خەونەشی نەبێت، کە ئەمەی دووەمیان «دەوڵەتی نەتەوەیی» بریتییە لە یەکەیەکی سیاسی کە سنوری دیاریکراوی هەیە و خاوەنی سیستمێکی ئابووری هاوبەشە. بۆ ئەوەی باشتر لە گووتاری نەتەوەیی تێبگەین دەبێت تیڕوانینێکی شیکاری دوانەیی بەکاربهێنێین. یەکەم دەکرێت ئەمە لیکۆڵینەوەو شیکردنەوە بێت بۆ ئەو کەلتورەی لە ئارادایە و ئەو بارەی ئەم کەلتورە لە داهاتوودا پێی دەگات. دووەم، دەکرێت بزوتنەوەیەکی سیاسی بێت (ناسیونالیزم) کە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی جیاواز دەدات.

هەروەها دەبێت ئەم گووتارە گوتارێکی یەکگرتوبێت، لەبەرئەوەی بەشداریکردنی گروپە ئیتنی، چینایەتی و ناوچەی و جڤاتییە جیاوازییەکان توخمێکی گرنگە لە پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییدا، یاخود لە پێکهێنانی سیستمی کەلتوریدا، کە ئەگەرچی پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەیەکی سیاسی لەخۆناگرێت، بەڵام هێشتا لە هەناوی خۆیدا ئەو هێزە یەکخەرانەی هەڵگرتووە کە لە کەلتورەوە سەرچاوە دەگرن. هەم گووتاری ناسیونالیستی کەلتوری و هەم گووتاری ناسیونالیستی سیاسی فرەیی لە خۆدەگرن کە دەبێت ئەم فرەییەیش بە شێوەیەکی ئاشتیانە پێکەوەبگونجێنرێن-لە ڕێگای نوسین، مشتومڕ و گفتوگۆکردنەوە، هەروەها لە ڕێی ئەو مونتەدایانەی تێیدا بیروبۆچونەکانیان تێدا تەرح دەکرێن.

*** چۆن گووتاری نەتەوەیی دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵکی لەو کێشە و گرفتانە تێبگەن کە ڕووبەڕووی وڵاتەکەیان دەبێتەوە، بەدەربڕینێکی دیکە چۆن تێگەیشتنی خەڵك لەکێشەکانی وڵاتەکەیان هۆکارێك بۆ هاتنەدی گووتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو؟**

- دەبێت گووتاری نەتەوەیی ڕوبەڕووی کێشەکانی دەوڵەت ببێتەوە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەرکێکی بەردەوامی پێکەوەگرێدانی توخم و بەشە جیاوازییەکانی خەڵکی هەیە لە یەکەیەکی جوگرافی و سیاسیدا کە خاکێکی دیاریکراوی هەبێت. ئەگەر هیچ هاوکارییەك لە نێوان دەوڵەت و گروپە جیاوازەکاندا نەبێت کە بەشدارن لە گووتاری نەتەوەییدا، ئەوا بارودۆخەکە بە بنبەست دەگات و ڕەنگە ئارەزوو و خواستی جیابوونەوەش سەرهەڵبدات. لەم سۆنگەیەوە، دەبێت پێکهاتە جیاوازەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە هەڵبستێت بە داڕشتنی گووتارێکی سیاسیی کە

تێیدا بواری مشتومڕ و گفتوگۆکردن و پەیوەندی هەبێت لەنێوان ئەکادیمییەکان، بەرپرسەکان و خەڵکدا، یاخود بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی گفتوگۆیەکی زیندووی هەبێت لەگەڵ دەوڵەتدا. ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی ڕێگایەکی دووسەرە، واتە کارلێکی نێوان گەمەکارەکانی گووتاری نەتەوەیی و دەوڵەت. ئەمەش کارئاسانی دەکات بۆ هێنانەدی کۆدەنگییەك لە نێوان خەڵك (کۆمەڵگەی مەدەنی) و دەوڵەتدا.

*** بەڵام ئایا چۆن بوونی گوتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بتوانن لە گۆشەیەکی دیکە ڕەخنە لە کێشەکان بگرن و تا چ ڕادەیەکیش بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بتوانرێت بە گرتنەبەری میکانیزمێکی باشتر کێشەکان چارەسەربکرێن؟**

- ڕەنگە هەموو دەوڵەتێکی نەتەوەیی ڕووبەڕووی کێشەی ئاوێتەکردنی پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵکی وڵاتەکە ببێتەوە کە خاوەنی دابونەریت و ناسنامە و کەلتوری تایبەتی خۆیانن. بوونی هاوپەیمانێتییەك لە نێوان گوزارشتکارانی گووتاری نەتەوەیی و دەوڵەت گرنگە بۆ یەکلاکردنەوەی ئاشتیانە و هاوچەرخانەی ئەم کێشانە. لێرەدا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە دەبێت پەیوەندی نێوان خەڵك و دەوڵەت پێویستە لەسەر دوو ئاستدا بێت: (١) کەلتوری و (٢) سیاسی. کارکردنیش لەسەر هەر یەکێك لەم ئاستانە پەیوەستە بە جۆری کێشەکان و چۆنیەتی ڕیزبەندکردنیان لە ئەجێندای دەوڵەتدا. کەلتور و هەروەها بیرۆکەی یەکبوون و یەکێتی لە واقیعدا ئەوەندە هێزێکی کاریگەری یەکخەرن کە دەکرێت یارمەتیدەر بێت لە یەکالاکردنەوە و خاوکردنەوەی ڕکابەری و دژایەتییە سیاسییەکاندا. ئەمەش بەو مانایەدێت کە خەڵکی وەلائیان هەیە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی و وەك دەرئەنجامێکی سروشتی ئەم وەلائەش ئینتیمایەکی هاوبەشیان هەیە.

*** ئایا ڕۆڵی سەرۆك یان سەرکردەی وڵاتەکە چییە لە هێنانەدی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوودا، بە تایبەتی لە قۆناغە هەستیارەکاندا؟**

سەرۆك چەندین دەسەڵاتی ڕەسمی و نارەسمی هەیە، دەبێت سەرۆکیش ئەوەندە بە حەزەربێت بتوانێت گووتاری نەتەوەیی بە ئاقارێکی مەبەستدار و پێشکەوتنخوازدا ئاراستەبکات. لە هەلومەرجە هەستیارەکاندا، کاتێك نەتەوەیەك ڕووبەڕووی ناسەقامیگری سیاسی دەبێتەوە، ڕەنگە سەرۆك دەستێوەردان بکات، یاخود ئەو بوارانە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لە بارودۆخە قەیراناوییەکاندا دەتوانێت پشت بە هاوکاری ژمارەیەکی زۆری خەڵك ببەستێت، لە نێویاندا سەرکردە سیاسییەکان، خەڵکە مەدەنییەکە و تەنانەت دەتوانێت پردێك لە نێوان ئاستەکانی سەرەوە و خوارەوەی کۆمەڵگەکە دروست بکات. ئەم سەرچاوە بەهێزانەی سەرۆکایەتی توخمێکی بنەڕەتین بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخە پڕ لە تەنگژەکان. ئەگەر سەرۆك خاوەنی ئەزموونێکی زۆربێت، ئەوا دەتوانێت کۆدەنگییەك لەنێوان لایەنە ڕکابەرەکاندا بهێنێتەدی. جگە لە پێکەوە پەیوەستکردنی پێکهاتە جیاوازەکان و بەدەستهێنانی پشتگیر ئەو پێکهاتانە، ئەوا سەرۆك دەتوانێت هێزی کەلتور بخاتەگەڕ لە پێناو پێکەوەگرێدانەوەی گروپ و پارت و گەمەکار و چالاکگەرە جیاوازەکان لەسەر شانۆی سیاسەت. ئەمە میکانیزمێکی ناسیاسییە لەپێناو بەدەستهێنانی تەوژمێکی سیاسیدا بە شێوەیەکی ناتوندوتیژانە. بەهۆی چەندین ئامرازی جیاوازەوە سەرۆك دەتوانێت کەرتبوون و دابەشبوونە جیاوازەکانی پەیوەست بە هۆکارە ئیتنیەکانەوە لێکنزیکبکاتەوە. بۆ نموونە لە موریشیوس ئەگەر کێشەیەکی پەیوەست بە زمانەوە هەبێت، ئەوا سەرۆك چەندین بەرنامەی پەیوەست بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەخاتەڕوو. ئەم کارەش یارمەتیدەردەبێت لە بەرهەمهێنانی بیرۆکە و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گونجاوەکاندا

*** لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا هەمیشە باسی ئەوە دەکرێت کە دەبێت بواری بەشداریکردن بۆ تێکڕای هاووڵاتییان بڕەخسێنرێت، کە هەندێ لە چاودێران پێیان وایە بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئەم بەشداری کردنە، تا چ ڕادەیەك هاوڕایت لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا؟**

- ئاشکرایە گووتاری نەتەوەیی سیاسی، کە خۆی لە چەندین ووتاری پەیوەست بە پێداویستی بەشدارییەکی گەورەتر و کاریگەرتری زیاتری چینە جیاوازەکاندا بەرجەستە دەکات، هۆکارێکە بۆ پێوانەکردنی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا. بیرۆکەی ناسیونالیستی سیاسی دەرگا واڵا دەکات بۆ خستنەگەڕی ووزە و توانا زۆرەکانی ئەو هاوڵاتیانەی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا دەژین. بەڵام دەبێت ئەم بەشداریکردنەش لە ڕێی کەناڵە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریە کاریگەر و لۆجیکییەکانەوە ئەنجامبدرێت، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ بەرفراوانکردن و قوڵکردنەوەی ئەم گووتارە و جێبەجێکردنە عەمەلییەکانی. هەروەها ئەمە دەبێتەهۆی بەڕێوەچوونی سیستمە دیموکراتییەکە بە شێوەیەکی بێکێشەتر، ئەویش لەسەر بنەمای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نەزیە و ئازاد، بوونی سیستمێکی قەزائی سەربەخۆ، سەربەخۆی ڕۆژنامەگەری و بوونی سیستمی فرەحزبایەتی.

*** تا چ ڕادەیەك بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دروستبوونی نەوەیەکی چالاك؟**

- کاتێك پانایی و قوڵایی گووتاری نەتەوەیی سیاسی بەرفراوانتر دەبێت، ئەوا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سەرنجی نەوەی گەنجان ڕادەکێشێت. کاتێکیش ئەم نەوەیە زیاتر بەساڵادەچێت و زیاتر ژیر و کامڵتر دەبێت، ئەوا جڵەوی دەستپێشخەرییەکە دەگرێتە دەست بۆ پێکەوە گونجاندنی گروپە جیاوازییەکان لە ڕێی ئامرازە سیاسی، کەلتوری و کۆمەڵایەتی ئاشتیخوازەکانەوە. لەبەر ئەوەی نەتەوەکان هەر بۆ ئایندە دەڕوانن، ئەوا ئەم نەوە نوێیە ئایندەیەکی باشتر

گوتاری نەتەوەیی چەمکێکی فرەڕەهەندە و مانای جۆرا و جۆر لە خۆدەگرێت. بەشێوەیەکی میسالی دەکرێت قەتیسی بکەین لە گوزارشت و دەربڕینی نوخبەکاندا

بۆ وڵاتەکە ئەهێننەدی، هەروەها لەڕێی گرتنەبەری چەند ڕێ و شوێنێکی کۆنکرێتییەوە، هەڵدەستن بە ڕامالێنی دوژمنایەتییەکان. بەهۆی بوونی نەوەی نوێ ئەگەری ئەوە هەیە نەتەوەکە زیاتر پارێزراوبێت، هەروەها تاکەکەس و گروپەکانی هەڵبسن بە دەوڵەمەندکردنی قەوارەکە و هێنانەدی چارەنوسێکی هاوبەش. لە ڕێی گرتنەبەری چەند میکانیزمێکی کەلتوری دیاریکراوەوە، نەوەی نوێ کۆمەڵگەی ئێستا دەکەنە کۆمەڵگەیەکی داهێنەر کە بەهۆی خەون و بیروباوەڕە هاوبەشەکانەوە نەتەوەکە پێکەوە پەیوەست دەکەن.

*** ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بە قۆناغی ئینتیقالیدا دەڕۆن ئەوا هۆکاری دوژاربوونی زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا بۆ نەبوونی گوتارێکی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نەبوونی ئەم گووتارە تا چ ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئایندەی وڵاتەکە؟**

- لەڕاستیدا گووتاری نەتەوەیی سیاسی گرنگییەکی بێئەندازەی هەیە لەو کۆمەڵگەیانەی ڕوبەرووی تەنگوچەڵەمەکانی پەیوەست بە قۆناغی ئینتیقالی و ناسەقامگیری کاتی دەبنەوە. ڕەنگە ئەمە شێوەی گووتاری کەلتوری وەربگرێت. بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرجار بوارە سیاسی و کەلتورییەکان یەکتردەبڕن، ئەوا ئەم گووتارە ڕەنگێکی سیاسی وەردەگرێت. قۆناغی ئینتیقالی ئەوە لە خۆ دەگرێت کە ناسنامەکان لە قەیراندان، کە ڕوبەڕووی دژوارییەکانی گۆڕان دەبنەوە، کە ڕەنگە ئەم گۆڕانکاریانەش جیاوازبن بە پێی جیاوازی گروپەکانی کۆمەڵگەکە. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە بوونی گووتارێکی نەتەوەی سیاسی یەکگرتو گرنگە بۆ یەکخستن و پێکەوەگونجاندنی گروپ و جڤاتە جیاوازەکان بۆ ئەوەی بکرێنەبەشێك لە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆز و داهێنەر. ڕەنگە قۆناغی ئینتقالی و قەیرانەکانی پەیوەست بە ناسنامە بەو مانایە بێن کە تاکەکەس و کۆمەڵگەکان لە کێشەدان، کە ڕەنگە چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەش پێویست بە گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە و دۆزینەوەی بەهای هاوبەش و یەکگرتنەوە بکات.

*** ئایا تا چ ئەندازەیەك بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دیموکراسی و گووتاری مەدەنی لە وڵاتەکەدا؟**

- ئەگەر وڵاتێك کەشێکی سیاسی گونجاوی هەبوو بۆ گەشەکردن و



**دەبێت گوتاری نەتەوەیی ڕوبەڕووی کێشەکانی دەوڵەت ببێتەوە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەرکێکی بەردەوامی پێکەوەگرێدانی توخم و بەشە جیاوازییەکانی خەڵکی هەیە لە یەکەیەکی جوگرافی و سیاسیدا**

گەورەبوونی گووتارێکی نەتەوەیی سیاسی، ئەوا دەتوانێت برەو بە گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بدات، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕە دیموکراسییەکان. دەبێت بواری دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی وەك دوو بواری بەیەکداچوو لەقەڵەمبدەین. ئەم بەیەکداچوون و پێکەوە پەیوەستبوونەش لە ڕێی کۆبونەوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و مونتەداکانی ئاڵوگۆڕی بیروباوەڕە سیاسی و کەلتورییەکانەوە برەویان پێدەدرێت.

*** ئایا لەو کۆمەڵگەیانەی بەدەست ناکۆکی ئیتنی و نەتەوەییەوە دەناڵێنن، تا چ ئاستێك بوونی ئەم گووتارە دەبێتەهۆکارێك بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ناکۆکیانەدا، یان چارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە؟**

- لە جیهانی هاوچەرخدا ناکۆکیی ئیتنی و نەتەوەییەکان ئاستەنگن لەبەردەم پرۆسەی ئاوێتەکردندا لە زۆرێك لە وڵاتاندا. ئەنترۆپۆلۆجە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد بوونی گروپە ئیتنیە جیاوازەکان وەك هۆکاری ناکۆکی لێکدەدەنەوە. گروپە ئیتنیەکان نەك تەنها بەهۆی هۆکارە کەلتوریەکانی وەك زمان، ئاین، و داب و نەریت و نیشتیمانەوە، بەڵکو بەهۆی دواکەتویی سیاسی و ئابووری یاخود نەبوونی گەشەکردنێکی یەکسان لە نێو گروپەکاندا دابەش دەبن. لە وڵاتە فرە ئیتنیەکاندا، چارەسەرەکە لە وروژاندنی یەکێتیەکدایە کە بەهۆی جەختکردنەوەلەسەر لایەنە کەلتوری و مێژووییە هاوبەشەکانەوە دێتەدی. هەروەها چارەسەرەکە لە هەستی یەکبووندایە کە دەبێت لە نێو لایەن و پێکهاتە جیاوازەکاندا بێتەدی. هەروەها دەکرێت ناکۆکییە ئیتنی و نەتەوەییەکان بەهۆی دانوستاندنی ئاشتیانەی بەردەوامی نێوان گروپە ڕکابەرەکانەوە چارەسەربکرێن، لەگەڵ ئەنجامدانی کۆبونەکەکان و بەشداری کردنی کۆمەڵگەی مەدەنی. دەکرێت ئەم ئامانجە لە ڕێی خستنەگەڕی گووتارێکی نەتەوەیی سیاسی چالاکەوە بەدەست بهێنرێت. بۆ ئەوەی ناکۆکیەکان چارەسەربکرێن، دەبێت دەرفەت بە گروپە ئیتنیەکان بدرێت بۆ ئەوەی بەشداری لە دەسەڵاتی یاسادانان و داڕشتنی سیاسەتەکاندا بکەن. لەبەر ئەوەی ڕیشەی زۆرێك لە دابەشبوونی ئیتنیەکان لە هۆکارە ئابووریەکاندایە، دەبێت گووتارێکی نەتەوەیی سیاسی و گوزارشتکارانی هەڵستن بە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لە ڕێی هاوکاری کردن، میانگیری و هەنگاونانی کۆنکرێتیەوە.

سەرۆک دەتوانێت کەرتبوون و دابەشبوونە جیاوازەکانی پەیوەست بە هۆکارە ئیتنیەکانەوە لێکنزیکبکاتەوە



# کوردستان تیڤی تواناکانی خۆی بۆ ئەرکە نیشتمانییەکان و بەرز ڕاگرتنی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەریی و ڕاستگۆیی چڕکردۆتەوە

١١ ساڵ لەمەوبەر کوردستانیtv یەکەمین کەناڵی ڕاگەیاندنی ئاسمانی بوو کەلەناوخۆی کوردستانەوە پەخشی دەست پێکرد، ئەم هەنگاوە وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لەمێژووی ڕاگەیاندنی کوردی، جگە لەرۆڵ و گرنگی بۆ پێشخستنی بوارەکانی رۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتی، دامەزرانی کوردستان tvمەغزایەکی سیاسیی گەورەشی لەپشتەوە بوو، کەتوانی هەموو ئەو چەواشەکاری و شێواندنەی دەرهەق بەکوردو مێژووی گەلی کوردستان کراوە بشکێنێت و، ئەرکی پتەوکردن و پێشخستنی ئەو دەستکەوتانەش لەئەستۆ بگرێت کەبزافی رزگاریخوازی کوردستان بەدەستی هێناوە، بەمەش ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی خستۆتە ریزبەندی کارەکانییەوە، هەر ئەم ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەش بووە پەیامی کوردستان تیڤی و کەناڵەکە ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆی پەیدا کردوو، لەو رەوشە گشتگیرییە دەربازی بوو کەزۆر لەکەناڵ و دەزگاکانی راگەیاندنی کوردی تێی کەوتوون. بەدرێژایی تەمەنی کوردستانtv تەواوی دەنگ و رەنگە جیاوازەکانی لەئامێز گرت و، بووە سەکۆیەك بۆ ناساندنی دۆزی کوردو گەیاندنی ڕاستییەکان لەسەر ئەو ڕێچکەو پەیامەی خۆی بەردەوام بوو، کارکردن لەپێناو چەسپاندنی بنەماکانی دادپەروەری و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەو یەکسانی لەناوکۆمەڵگادا وای لەم کەناڵە کردووە ببێتە جێی متمانەی هاوڵاتییان و، ڕۆڵی کەناڵەکە لەپرۆسەی پەرەپێدان فراوانترو زیاتر بێت، بوونی ڕاستگۆیش لەکەناڵی ئاسمانی کوردستان tv وایکردووە ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی بینەری خۆی لەدەست نەدات، گەرچی وەکو پێشتر باسمانکرد چەندین کەناڵی تری ئاسمانی کراونەتەوە، بەڵام پسپۆرایەتی و تایبەتمەندێتی لەپاڵ ڕاستگۆیی دا وایکردووە بینەرانی ئەم کەناڵە ئاسمانییە لەزیادبووندا بێت.

لەیادی یانزدەیەمین ساڵیادی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی بیرۆزبایی لەتەواوی کادیرو کارمەندی کەناڵەکە دەکەین و، ئومێدەوارین لەپەیامی بەرزی راگەیاندکارانەی خۆیان بەردەوام بن و ڕۆڵیان لەپێشکەوتن و پەرەپێدانی سەرجەم کایەکانی ناوکۆمەڵگا هەبێت .




KURDISTAN
tv
Kurdistan TV

لەیادی یانزدەیەمین ساڵیادی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی کاروان ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی کەناڵەکە، لەدیمانەیەکی گوڵاندا ئاماژەی بەچەند بوارێکی تایبەت بەپەیامی کوردستان تیڤی و پاراستنی تایبەتمەندێتی ئەو کەناڵە گرنگە کرد، کە پێش ١١ ساڵ لەمەوبەر کوردستان تیڤی یەکەمین کەناڵی ئاسمانی بوو کەلەناوخۆی کوردستانەوە پەخشی دەستپێکرد، ئەم هەنگاوە بەشۆرش و وەرچەرخانێکی گرنگ لەمێژووی ڕاگەیاندنی کوردی دانرا، بگرە ڕەهەندێکی سیاسیی گەورەشی لەپشتەوە بوو، کەتوانی هەموو ئەو چەواشەکاری و شێواندنەی دەرهەق بەکوردو مێژووی گەلی کوردستان کراوە بشکێنێت، بەمەش جگەلەوەی کوردستان تیڤی ڕۆڵی لەتێکەڵبوونی گەلی کوردستان لەگەڵ مرۆڤایەتی پێشکەوتوو هەبووە، هاوکات ڕۆڵی لەشکاندنی دەروازە داخراوکانی سەر هەرێمەکە هەبووە، بەرادەیەك تەواوی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی لەئامێز گرت و، بووە سەکۆیەك بۆ ناساندنی دۆزی کوردو گەیاندنی ڕاستییەکان، بەمۆرکێکی کوردستانی و بێ جیاوازی،گرنگی بەهەموو پارچەکانی کوردستان دەدات،ئەم پرەنسیپە لەپەیامی کەناڵەکەدا ڕەنگیداوەتەوە کە: کەناڵێکی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری کوردستانییەو ئەرکی پتەوکردن و پێشخستنی ئەو دەستکەوتانەیە کەبزافی ڕزگاریخوازی کوردستان بەدەستیهێناوە، لەگەڵ دەستپێکردنی یەکەمین پەخشی ئەم کەناڵە ڕاگەیاندنەی کوردی توانیوێتی لە پێشەنگی دەزگاو کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندنەوە بێت لە( پتەوکردن و پێشخستنی ئەو دەستکەوتانەی کەبزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بەدەستیهێناوە..)، هاوکات گرنگی بەکولتوورێك داوە کەپابەندی بنەماکانی فرە ڕەنگی و دیالۆگ و ئازادی و بیروبۆچوون و ڕادەربڕین و لێبووردەیی و گەشە بەپرۆسەی دیموکراسی و بەمەدەنیبوون بدات، ئەم کەناڵە دوای تێپەڕبوونی پتر لەدەیەیەك بەسەر یەکەمین پەخشکردنیدا، توانیوێتی پەیامی خۆی بپارێزێت لەسەردەمێکدا کە زۆر لەڕاگەیاندنە کوردییەکان نەیانتوانیوە پارێزگاری لەپرەنسیبەکانی پیشەیی و ئەخلاقییەتی ڕاگەیاندکاری خۆیانبکەن، بەڵکو نەیانتوانیوە لەقۆناغی پشێوی و گەڕان بەدوای ناوەڕۆك و بێ مەنهەجییەتدا دەربازیان بێت، بەشێوەیەك دوورکەوتوونەتەوە لەکاری پیشەیی ڕۆژنامەگەری و پاراستنی ئیتیکی ڕۆژنامەگەری کەبۆ گەیشتن بەدەسەڵاتی چوارەم و پێشکەوتنی ڕاگەیاندن زۆر پێویستن. کارکردن لەپێناو چەسپاندنی بنەماکانی دادپەروەری و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەو یەکسانی



**یەکێک لەخەسڵەتەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی بەدامەزراوەییکردنی ئەو کەناڵە بوو**

لەناوکۆمەڵگادا وای لەم کەناڵە کردووە ببێتە جێی متمانەی هاوڵاتییان و رۆڵی کەناڵەکە لەپرۆسەی پەرەپێدان فراوانترو زیاتر بێت، هەرئەمەش پاڵی بەکادیرو کارمەندانی کوردستان تیڤییەوە ناوە هەنگاوی گەورەو گرنگ بەرەو پێشکەوتنی کەناڵەکەیان بنێن، کاروان ئاکرەیی دەڵێت:((هاوڵاتییان لەرێگای کوردستان تیڤییەوە بەشداری لەپرۆسەی پەرەپێدان دەکەن، لە٢٠٠٩ کوردستان تیڤی هەنگاوی باشی ناوە لە٢٠١٠ هەوڵی گەورەتر لەئارادایە..))، یەکێك لەخەسڵەتەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی بەدامەزراوەییکردنی ئەو کەناڵە بوو، ئەمڕۆ بەسیستەمکردن و دابەشبوونی دەسەڵاتەکان و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کەناڵەکە شێوەیەکی بەموئەسەسادکردنی وەرگرتووە، بەمەش هەنگاوی جیددی بۆ بەدامەزراویکردنی تەواوی کەناڵەکە لەسەر بنەمای (ماف و ئەرکەکان) رێکخراوە، بەشێوەیەك کادیرو کارمەندانی، ئەرکەکانی سەرشانیان بەشێوەیەکی باش جێبەجێ دەکەن. بەدامەزراوەییکردنی کەناڵەکانی راگەیاندن لەگەڵ چەسپاندنی پرەنسیپ و بنەماکانی رۆژنامەنووسی بەو دوو کۆڵەکەیە دادەنرێن کەمیدیاکار دەگەیەنێتە دەسەڵاتی چوارەم کەخاوەنی ئیتیك و بنەماکانی کاری پیشەیی بێت. باسکردن و شیکردنەوەی پەیام و کارەکانی کوردستان تیڤی دەمانباتە ناو باسێکی ئاڵۆزو گرنگ، ئەویش (مسداقییەت و شەفافییەتە) بەڕێوەبەری کوردستان تیڤی پێی وایە :( گەرچی ناتوانرێت لە١٠٠٪ ئیدعای ئەوەبکرێت ئەو دوو پرەنسیپەی مسداقییەت و شەفافییەت بەتەواوەتی لەکوردستان تیڤی جێبەجێ کرابێت، بەو پێیەی جێبەجێکردنی ئەو دوو پرەنسیپە رێژەییە، بەڵام ئەو راپرسیانەی دەکرێت کوردستان تیڤی بەوە ناسراوە کەکەناڵێکی راگەیاندنی راستگۆیەو، لەکوردستان تیڤی رێژەی باش دانراوە لەشەفافییەت کەهەمان دیوەکەی تری راستگۆییە..

لەم راپۆرتەدا تیشك دەخەینە سەر کارو بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی و، دەیکەینە مینبەرێکیش بۆ بەدامەزراوەییکردنی کەناڵەکانی راگەیاندن و دەربازبوون لەو زەلکاوەی کە بەگشتی راگەیاندنی تێکەوتووە، کە لەبێ ماناکردنی کادیری ئیعلامی و دوورکەوتنەوە لەپەیام و ئیتیکی رۆژنامەگەری زیاتر هیچی تر نییە.. ساڵیادی ktv دەکەینە مینبەرێك بۆ گفتوگۆکردن لەسەر میدیای کوردی و رۆڵی لە پرۆ فیشناڵییەت و تایبەتمەندێتی، کەجگە لەئەرکی راگەیاندنکاری ئەرکی پرسی نەتەوەیی و پەرەپێدانی لەئەستۆیە، ئەم ئەرکەش هیچ کەناڵێك ناتوانێت گرنگی بێ نەدات..

## راگەیاندنی کوردی جگە لەئەرکەکانی پیشەیی ئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقیشی لەئەستۆیە

**کاروان ئاکرەیی لەساڵیادی کەناڵەکەدا تیشکی خستەسەر ئاستی پێشکەوتنی میدیای کوردستانی و تایبەتمەندێتی و بەدامەزراوەییکردنی کەناڵەکانی راگەیاندن و، گرنگیدانی بە پێگەیاندنی کادیرو کارمەندی راگەیاندکاری پرۆفیشناڵ. لێرەدا پووختەی قسەکانی بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی بڵاو دەکەینەوە:**

**کاروان ئاکرەیی:** پێشکەوتن و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی هەموو بوارەکانی تری ژیان لەکۆمەڵگای کوردستانی دەبینرێت، ئاستی پەرەسەندنی میدیاو کەناڵەکانی راگەیاندنیش لەم هەرێمەدا بەهاوشێوەی ئەو پەرەسەندنە پێشکەوتنی باشی بەخۆوە بینییوە، ئەمە رابوونێکی ئیجابییە لەهەمانکاتدا رەنگدانەوەی ئەو گەشەسەندنەیە کەلە هەرێمی کوردستاندا هەیە. راگەیاندنی کوردی جگە لەئەرکی پیشەیی خۆی ئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقیشی لەئەستۆیە، لەم روانگەیەوە لەناو ناواخنی پەرەپێدان و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی کوردستان، ئەرکی راگەیاندنکاریمان دروستبوو، ئەویش بەشداری پێکردنی خەڵکی بوو بەجیاوازی چین و توێژەکانەوە لەناو پرۆسەی پەرەپێدان، ئەمەش لەو روانگەیەوە هاتووە راگەیاندنیش ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی لەسەر شانە، هەر ئەم ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەش بوو بەپەیامی کوردستان تیڤی و دواتر هەوڵی ئەوەماندا کەناڵەکە ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت و لەو رەوشە گشتگیرییە دەربازی بێت.

## لە٢٠٠٩ هەنگاوی باش و لە٢٠١٠ هەوڵی گەورەتر لەبەرنامەدایە

تایبەتمەندێتی و دووکەوتنەوە لەگشتگیری لەساڵی ٢٠٠٨ وە هەنگاوی پراکتیکی بۆ نراوە، پێمان وایە بەرنامەو بابەتی گشتگیری کەناڵی دیکەی راگەیاندن هەیە گرنگی بێ بدات، لە ٢٠٠٩ هەنگاوی باش نراو لە ٢٠١٠ هەوڵی باشتر لە ئارادایە، بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لەخەڵکی لەرێگای ریپۆرتاژ و بەرنامەی مەیدانی کەبەباشترین دەنگ و رەنگ و خێرا بگوازرێتەوە، ئەمەش پێویستی بەدامەزراندنی رۆژنامەنووس و پەیامنێرانەوە هەیە لەناوجەرگەی ولاتانی دەوروبەرو جیهان، چ لەرێگای نووسینگەوە بێت یاخود لەرێگای گرووپ و هاوڵاتییانەوە بێت.

لەکوردستان تیڤی روومان کردە بەرنامەی ریپۆرتاژو کاری رۆژنامەگەری مەیدانی کە ئاسۆی نزیکبوونەوەمانی لەخەڵکی زیاتر کرد، واتە گرنگیمان بە رای گشتی داوە، لەم کەناڵەدا زیاتر ویستوومانە گرنگی بەراوبۆچوونەکانی خەڵکی و سەرجەم راوبۆچوونە جیاوازەکانیش بدەین، ئەم ئاراستەیەش لەگەڵ بەپیشەیی بوونمان دەگونجێت، هاوکات هەوڵی گەیاندنی خێرای هەواڵەکانیشمان داوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی خێراو راستی بکاتە بینەرەکانی کوردستان تیڤی، بۆئەم مەبەستە پێویستیمان بەهەموو شارەزایی و تەکنیکێکەوە هەبووە کەزامنی خێرایی و مسداقییەتمان بۆ دەکات، هەر لەدامەزراندنی ئەو هەموو نووسینگەو گرووپانەی راگەیاندنکارانەی دەرەوەی ولات و ناوخۆی عێراق و کوردستان تاوەکو دابینکردنی کەرەستەو ئامێرو ستۆدیۆی پێشکەوتوو..

بێلایەنی پیشەیی و تایبەتمەندێتی گەیاندنی هەواڵ و گرنگیدان بەرای

**کوردستان تیڤی بەوە ناسراوە کەکەناڵێکی راگەیاندنی راستگۆیەو، لەکوردستان تیڤی رێژەی باش دانراوە لەشەفافییەت کەهەمان دیوەکەی تری راستگۆییە**

**راگەیاندنی کوردی جگە لەئەرکی پیشەیی خۆی ئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقیشی لەئەستۆیە**




بێلایەنی پیشەیی و تایبەتمەندێتی گەیاندنی هەواڵ و گرنگیدان بەرای گشتی لەخەسڵەتەکانی کوردستان تیڤی یە

گشتی لەخەسڵەتەکانی کوردستان تیڤی یە، بەردەوامیش دەبین لەسەر پێشخستنی ئەم رەوتەی میدیا کەنەك تەنیا بایەخ بەهەواڵی ناوخۆیی کوردستان دەدات، بەڵکو بایەخ بەهەواڵی سەرجەم بەشەکانی کوردستان و وڵاتانی بیانیش دەدات.

**کوردستان تیڤی تواناکانی خۆی بۆ ناساندنی دۆزی خەڵکی کوردستان و ئاسۆی پێشکەوتنی ئەم پرۆسەیە تەرخانکردووە**

کوردستان تیڤی تواناکانی خۆی بۆ ناساندنی دۆزی خەڵکی کوردستان و ئاسۆی پێشکەوتنی ئەم پرۆسەیە تەرخانکردووە، ئەمەش خەسڵەتێکی گرنگی کەناڵەکەمانە، کەپرسە نەتەوەییەکان گرنگییەکی باشی پێ دراوە، پێم وایە ئەم مەسەلەیە هیچ کەناڵێکی راگەیاندن ناتوانێت پشتی تێبکات، گرنگیدانی زیاتر بەمەسەلە تایبەتمەندەکان بەدۆزی کوردو پرسە نەتەوەییەکان لەو روانگەیەوە هاتووە کەنەتەوەیەکی پارچەپارچەکراوین و ئەرکی کەناڵەکەمانە گرنگییەکی شایستەی پێ بدات و بەرەو بەرژەوەندی گشتی ئاراستەی بکات، هەربۆیە لەکوردستان تیڤی راپۆرت و بەدواداچوونمان لەسەر بوارەکانی سیاسی هەیەو لەهەمانکاتیشدا شیکردنەوەی سیاسیش لە پانۆرامەکانماندا دەبینرێت.

**کوردستان تیڤی بەکەناڵێکی راستگۆ ناسراوە**

کاروان ئاکرەیی بەرێوەبەری گشتی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی سەبارەت بەپرەنسیپەکانی مسداقییەت و شەفافییەت کەبۆ سەرکەوتن و بەناوبانگی هەموو کەناڵێکی راگەیاندن پێویستە پێی وابوو: ئەم مەسەلەیە رێژەیی یە رەنگە لە ١٠٠٪ نەتوانرێت ئیدعای ئەوە بکرێت کەئەم پرەنسیپەی مسداقییەت و شەفافییەتە بەتەواوی هەبێت، بەڵام لەرێگای ئەو راپرسییانەی دەکرێت کوردستان تیڤی بەراستگۆیی

یەکێک لەخەسڵەتەکانی کوردستان تیڤی گرنگیدانە بەبەرهەمی خۆماڵی هونەرمەندان





ناسـراوه، کەناڵەکەمان ڕێژەیەکی باشی لەشـەفافییەت پەیڕەوکـردووە کەهەمان دیوەکەی تری ئەم ڕاستگۆییەیە.

## لە٢٠١٠ دوو زنجیرەی دراما بەخش دەکرێت

یەکێـك لەخەسـڵەتەکانی کوردسـتان تیڤی گرنگیدانـە بەبەرهەمی خۆماڵی هونەرمەنـدان، گەرچی ئـەم کەناڵەش زنجیـرە درامای دوبلاژکـراوی بەخش کردووە کەگرنگترینیـان زنجیرە درامای دوبلاژکراوی کۆریای باشوور بوو، بەڵام لەبەرنامەی داهاتووی ئەم کەناڵەدا گرنگی زیاتـر بەدرامای کـوردی و بەرهەمی خۆماڵی دەدات لـەم ڕووەوە بەڕێوەبەری گشـتی کەناڵەکەرایگەیانـد:(وەك تەلەفزیۆن بەئەرکی سەرشـانمان دەزانین گرنگی بەدرامای خۆمان بدەین و ڕۆڵمان لەدەوڵەمەندکردنـی دوبـلاژی کوردی هەبێـت، لەسـاڵی ٢٠١٠ دوو زنجیـرە درامای کوردیمان لەبەردەستدایەو بەخشی دەکەین، ئەمڕۆ درامای دوبلاژکراو بۆتە باو، ئەرکی ئێمەشە دەستی هونەرمەندی ناوخۆ بگریـن و زیاتر هاوکارییان بکەین بـەوەی زیاتـر پشـتگیری بەرهەمـە خۆماڵییەکان بکەین .

## کوردستان تیڤی گرنگی بەهەواڵ و ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکان دەدات

لەبەرنامەکانـی ئاینـدەی کوردسـتان تیڤـی دایە گرنگی زیاتـر بەهەواڵ و گەیاندنی ڕاستییەکان بدات بەشێوەیەکی ڕاسـتگۆیی و خێرا، بۆئەم مەبەستەش لەبەرنامـەی ئایندەدایـە گرنگی زیاتر بەهەواڵـە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بدات، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە هاتووە کەپەیامی کوردسـتان تیڤی پیشـەییەو گەیاندنی زانیـاری و ڕاسـتییەکانیش ئەرکـی میدیاکارو ڕاگەیاندنکاری سـەرکەوتووە بەڕێوەبەری گشتی کەناڵەکە پێی وایە: کوردستان تیڤی لەم ڕووەوە سەرکەوتووەو لەبەرنامەشـدایە زیاتر گرنگی بەهەواڵە ناوخۆیی و دەرەکییـەکان بدات، بۆ ئەم مەبەستەش نووسینگەو گرووپی

وەکو کوردستان تیڤی تارادەیەکی باش هەندێک برەنسیپی بەدامەزراوەییکردن پەیڕەوکراوە کەوایکردووە ڕووەو بەدامەزراوەییکردنی بچێت لەوانە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە، کەبەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکان و میکانیزمی بڕیاردان لەسەرەوە بۆ خوارەوەو لەخوارەوەش بۆ سەرەوە دابەشکراوە بەشێوەی سیستەم و دوور لەقۆرخکارییەوە، ڕاو بۆچوونەکان وەردەگیرێت و هەموو بەشدارن لەبڕیارداندا






ڕۆژنامەگەری تایبەت بەکوردستان تیڤی لەناوەوەی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەرو ئەوروپا گرنگی پێدەدرێت، ئەمەش هەمووی لەپێناو گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکی راست و خێرادایە.

کاتێك سەردانی بارەگای سەرەکی کەناڵی کوردستان تیڤی لەهاوینەهەواری پیرمام دەکەیت جموجوڵ و کارکردنێکی بەردەوام دەبینیت و، ئەم کەناڵە وەك یەکەمین کەنالای راگەیاندنی کوردی دێتەبەرچاو کەبەرەو بەدامەزراوەییکردنێکی باش هەنگاوی ناوە، کاروان ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی کەناڵەکە پێیوایە :( وەکو کوردستان تیڤی تارادەیەکی باش هەندێك برەنسیپی بەدامەزراویکردن پەیڕەوکراوە کەوایکردووە رووەو بەدامەزراویکردنی بچێت لەوانە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە، کەبەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکان میکانیزمی بڕیاردان لەسەرەوە بۆ خوارەوەو لەخوارەوەش بۆ سەرەوە دابەشکراوە بەشێوەی سیستەم و دوور لەقۆرخکارییەوە، راو بۆچوونەکان وەردەگیرێت و هەموو بەشدارن لەبڕیاردان‌دا. لەرووی کارگێریشەوە هەنگاوی باش نراوەو هەموو ئەو کارانەی پەیوەندی بەکارمەندەوە هەیە هەر هەمووی بەپێی سیستەم رێك خراوەو کارمەندانی کوردستان تیڤی ئەرك و مافەکانی دەزانێت، لەوانە مووچەو مۆڵەتی کارمەندانی هەمیشەیی و کارمەندانی گرێبەست ..


لەکۆتایی گفتوگۆکەماندا کاروان ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی ئاماژەی بەو خاڵە کرد، کە بەدامەزراوەیکردنی راگەیاندن و پاراستنی پیشەیی و ئیتیکی رۆژنامەنووس دەمانباتە دۆخێکی پێشکەوتووەوە لەکاری راگەیاندن.

## هەندێک زانیاری سەبارەت بەکەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی

کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی خاوەنی چەند بەڕێوەبەرایەتییەکە لەوانە( بەڕێوەبەرایەتی بەرنامەکان و هەواڵ و سیاسەت و تەکنیك و کارگێڕی و دارایی ..) دەسەڵاتەکان گەرچی بیرۆکراتییەتی کارکردنی تێدایە کەبۆ رێکخستن و بەڕێوەبردنی کارەکان پێویستە، هاوکات دابەشکردنێکی دەسەڵاتیشی لەخۆگرتووە، کەبەرەو بەموئەسەساتبوونی بردووە. کوردستان تیڤی خاوەنی چەند نووسینگەیەکە لەناوخۆی هەرێم و عێراق و وڵاتانی دەوروبەرو بیانی لەوانە نووسینگەکانی ( هەولێر – دهۆك- سلێمانی – کەرکوك- ئاکرێ- هەڵەبجە-سۆران- بەغدا- موسڵ –دیاربەکر- مەریوان- ورمێ – ئەستەنبوڵ- ستۆکهۆڵم..)، چەندین گروپی رۆژنامەنووسی تایبەت بەم کەناڵە لەهەریەك لە(چەمچەماڵ- خانەقین –خەبات – مەخموور- ئامێدی -زاخۆ- نەجەف- بەسرە- لەندەن- دانیمارك – نەمسا- سوریا –تاران و. ) رۆژانە کاری راگەیاندکارانە دەکەن. سەبارەت بەبەخشی کەناڵەکەش لەسەرجەم وڵاتانی کیشوەرەکانی جیهان لە٢٤ کاتژمێری بەردەوامداو بەباشترین کوالێتی و تەکنەلۆژیا و بەتەواوی توانای خۆماڵی بەخش دەکرێت، تەنانەت بۆ ماوەی یەك دەقیقە دەتوانرێت هەواڵی بەپەلە بگەیەنرێتە سەر شاشە، ئێستاکە تیمێکی تەکنیکار سەرقاڵی باشکردنی شاشەکەی کوردستان تیڤین، لە ویب سایتی کەناڵەکەشەوە دەتوانرێت راستەوخۆ بەخشی بەرنامەکانی کوردستان تیڤی ببینرێت.

کوردستان تیڤی جگە لەدەنگوباس و بەرنامە سیاسییەکانی خاوەنی چەند بەرنامەیەکی گرنگی تایبەتن بە (یاساو مێژوویی و رۆشنبیری و کولتووری و تەندروستی و گەنجان و رۆژنامەوانی و..)، لەساڵی یەکەمی بەخشی کوردستان تیڤی یەوە راو ئاراستەی جیاوازو ئازاد بڵاودەکرێنەوە.

# عێراقی سەردەمی بەزاز و تورکیای سەردەمی ئەردوگان



**فەرید ئەسەسەرد**
دوو هەفتە جارێک دەینووسێ

لەهەندێ ڕووەوە سەردەمی حوکمڕانیی عەبدولڕەحمان بەزاز لە عێراق لەساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردو زۆر لەم سەردەمەی ئێستای حوکمڕانیی ڕەجەب تەیب ئەردوگان لە تورکیا دەچێ. گرنگترین توخمی لێکچوونی ئەم دوو کەسە ئەوەیە کە هەردووکیان پێیان وایە هەڵگری پەیامێکن و وڵاتەکەیان شایستەی سیستمێکی باشتر و ژیانێکی خۆشگوزەرانترە.

بەزاز یەکەم سەرەك وەزیرانی مەدەنییە پاش ڕاگەیاندنی کۆمار لە عێراقدا، کاتێك هاتە سەر کار، ئومێدێکی زۆری لەسەر ئەوە هەڵچنی کە بتوانێ عێراقێکی تازە دروست بکا. ئەویش وەك ئەردوگان پێی وابوو وڵاتەکەی پێویستی بە دەستوورێکی پێشکەوتووترە. ئەگەرچی هەردووکیان ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسا کە دەستوورێکی تازە پێشکەش بە هاووڵاتییانی خۆیان بکەن، بەڵام لانی کەم بەزاز توانی سەرکەوتووبێ لە هەموارکردنی دەستوور، مەسەلەیەك کە ئەردوگان تائێستا تێیدا سەرکەوتوو نەبووە.

ئەم دوو پیاوە سەبارەت بە بوونی کێشەیەك لە وڵاتەکانیاندا بەناوی کێشەی کورد هاوڕان و هەردووکیشیان بەوە دانەکەوتن کەدان بەبوونی کێشەکەدا بنێن، بەڵکو جگە لەمە کەوتنە خۆ بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاو، بەقەد ئەوەی کە هەلومەرجەکە دەرفەتی دەدا، بۆ کۆتایی هێنان بەکێشەکە. هەردووکیان لەم بارەیەوە پرۆژەیان هەبوو، بەڵام پرۆژەکەی ساڵی ١٩٦٦ی بەزاز لەوەی ئەردوگان پێشکەوتوتر بوو. بەئاشکرا تێیدا دانی بە فەرمیبوونی زمانی کوردی و بوونی نەتەوەیی کوردو مافی کارگێڕیدا نابوو. ڕەنگە هیچ کامێکیان، لەبەر یاسا پەیڕەوکراوەکان و نەیارە بەهێزەکانیان، نەیتوانی بێ وشەی ((کوردستان)) بەکار بێنێ و باسی ئۆتۆنۆمی بکا، بەڵام ئەمە ڕێی لەوە نەگرت کە هەردووکیان لەشتی سادەوە دەست پێ بکەن و بەدڵنیاییەوە ئامانجی سەرەکییان دانانی بناغەیەك بوو بۆ ئەوانەی پاش خۆیان دێن تاکو کێشەکە لەسەر دەستی ئەوان بەیەکجارەکی چارەسەر بکرێت.

لەتورکیا ئەردوگان دوو نەیاری سەرسەخت لەبەردەم خۆیدا دەبینێ کە یەکێکیان دامەزراوەی سوپایەو ئەوی تر حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. لەڕاستیشدا ئەم دوو نەیارە سەرسەختە هەمان ئەو دوو نەیارەن کە ڕووبەڕووی بەزاز بوونەوە. لەعێراقدا سوپا سوور بوو لەسەر ڕەتکردنەوەی ڕێگای ئاشتییانە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردو هەموو هەوڵێکی مەدەنییەکانی لەم بارەیەوە پوچەڵ دەکردەوە. لەتورکیاش وایە. دامەزراوەی سوپا پێی وایە مەسەلەی کورد بەتانك و تۆپ چارەسەر دەکرێ و پێویست ناکا کەس سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێوشوێنی دیکە بێ.

بەزاز ڕووبەڕووی بەرەیەکی بەهێزی حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆوە کە کەیفیان بەسیاسەتەکانی نەدەهات و دەیانویست شکست بە هەموو بەرنامە سیاسییەکەی بێنن. لەتورکیاش ئەوانەی بەرپەرچی سیاسەتی ئەردوگان دەدەنەوەو ڕەخنە لە دەستپێشخەرییەکەی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دەگرن، خۆیان لەدوو حزبە سەرەکییەکەی ئۆپۆزیسیۆنی ناو پەرلەماندا دەبیننەوە.

بەزازو ئەردوگان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کەفراوانکردنی پەراوێزی ئازادییە گشتییەکان و دەستەبەرکردنی دیموکراسییەکی پێشکەوتووتر لەبەرژەوەندیی وڵاتەکانیاندایە.

بەزاز لەماوەی کەمتر لەساڵێك کەتەواوی ماوەی حوکمڕانییەکەی وەك سەرەك وەزیران پێکدێنێ، بەنیازی زۆر گۆڕان بوو، بەڵام دەرفەتی هیچی پێ نەدرا. ئەردوگانیش لەهەوڵەکانیدا بۆ فراوانکردنی پانتایی دیموکراسی و هێنانە کایەی دەستوورێکی پێشکەوتووتر شکستی خواردووە. لەهەوڵدانیشیدا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، هیچ کامێکیان بە ئەندازەی پێویست سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام لەعێراقدا پرۆژەکەی ٢٩ی حوزەیرانی بەزاز پاش دەست لەکارکێشانەوەی وەك میراتێك بۆ حکومەتەکانی پاش خۆی بەجێماو بووە بنەمایەك بۆ وتووێژەکانی پاشتر.

ڕاستە مێژوو دووبارە نابێتەوە، بەڵام ئایا ئەم هەمو لێکچوونە بەم مانایە نایە کە تورکیای یەکەم دەیەی سەدەی بیست و یەك، تازە بەتازە لەشەستەکانی عێراقدا دەژی؟

# کوردو ئێران: لەنگەری دوژمنایەتی و دۆستایەتی




**سامی شۆرش**

**تایبەت بۆ گولان دەینووسێ**


ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لانکەی کۆمەڵێك ناكۆكی و کێشەو گرفتی گەورەی مێژوویی و تازەیە، هەر میللەتێك بیەوێت بەکەرامەت و ئاسوودەیی لەو ناوچەیەدا بژییێت و گەشە بەرۆڵی شارستانی خۆی بدات، ئەوا دەبێت خۆی دوور بگرێت نەك لەکەلتوورە ئالۆزەکەی ئەو ناوچەیە، بەڵکو بەپلەی یەکەم، لە ناكۆکی و جیاوازی و کێشمەکێشەکانی. لەجیاتی خۆ بەستنەوە بەو کەلتوورە پڕ رق و کینەو شەڕو یەخانگیرییە، وا باشترە میللەتێکی وەکو کورد کە لەناو جەرگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵکەوتووەو تازە هەنگاو بەرەو دوارۆژی خۆی هەڵدەنێت، خۆی بەئاسۆو بەها جیهانییەکان ببەستێتەوە، هەر لەو سۆنگەیەشەوە، خۆی دوور بگرێت لەهەموو شەڕو پێکدادان و رووبەروو بوونەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لێرەوە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد کارێکی باشی کردووە بەوەی کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا خۆی دوور گرتووە لەهەر جۆرە رکەبەرایەتی و دوژمنایەتییەکی دەوڵەتی ئێران. وەك مەعلوومە ئێران لەهەلومەرجی ئەمڕۆدا ناوەندی کێشەیەکی گەورەی پێکهێناوە کە هەموو جیهانی پێوە خەریکە. تەنانەت ئەو خۆ خەریك کردنە وەختە بگاتە ئاستی سزای نێودەوڵەتی و شەڕێکی بێ ئامانی سەربازی. ناوە ناوە، بۆنی مەترسیی ئەوەش دێ کە هەر پێکدادانێك ببێتە هۆی تەپینەوەیەکی گەورەترو ترسناکتری سیاسی و سەربازی لە ناوچەکەدا.

ئەوەی راستی بێت، ئێران نەك تەنیا لەماوەی سی ساڵی رابردوو، بگرە زۆر لە پێشتریش، تەنانەت لەسەردەمی محەممەد رەزا شاوە، هەمیشە دەوڵەتێکی سەرکێش بووە، تەماح و هەوایەکی زۆری هەبووە بۆ خۆ فراوانکردن و پەلهاویشتن. کیانێکی مێژوویی پڕ کێشەو گیروگرفت بووە. ناکۆکی و ململانێیەکی زۆری هەبووەو هەیە لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دەوڵەتە گەورەکانی جیهان. بۆ بەدبەختی کورد لەرووی جوگرافییاوە کوردستان جیرانی ئەو دەوڵەتە پڕ کێشەیەیە، پتر لە ٧٠٠ کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هەیە. بەشێکی گرنگی کورد لەناو قەوارەی ئەو دەوڵەتەدا دەژییێت، بۆیە راگرتنی لەنگەر لەگەڵ ئێران کارێکی سەخت و دژوارە. خۆ ئەگەر حسابی کوردستان لەو مەسەلەیە بکەین، ئەوا بۆ کوردی عێراق کارێکی زۆر پێویستە. خۆی دوور بگرێت لەهەر کێشەو گیروگرفتێکی ترسناك لەگەڵ ئێران ئەو جۆرە رەفتارە نەکاری ئێمەیەو نەبۆ ئێمەش باشە.

ئەگەر بەگشتی چاوێك بەهەیکەلی ناوخۆی ناوچەکەمان بگێڕینەوە دەبینین دەوڵەتانی بەتوانستی ئەوتۆ لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، کە لەکورد زۆر زۆرتر دەسەڵاتی سیاسییان هەیەو لەشکری بەهێزتریان هەیەو لەرووی ئابووری و سیاسی و بازرگانییەوە بایەخێکی تایبەتیان لەناو مۆزاییکی سیاسەتی جیهانیدا هەیەو، زنجیرەیەکی درێژی بەرژەوەندی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمەریکاو ئەورووپا کۆیان دەکاتەوە، کەچی لەمەسەلەی ئێران و رووبەرووبوونەوەی مەترسییەکانیدا، بە تایبەتی مەترسیی بەرنامەی ئەتۆمی، هەمیشە خوازیاری ئەوەنە پەیوەندی و هاوکاری و مەوداکانی نێوانیان لەگەڵ تاران ئاسایی بێت. تەنانەت دەوڵەتێکی وەکو ئیماراتی عەرەبی کە سێ دوورگەی لەناو ئاوی کەنداو لەلایەن سوپای ئێرانەوە داگیر کراوە، تا ئێستا پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی لەگەڵ تاران پاراستووەو هەموو جۆرە مامەڵەیەکی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ ئەو وڵاتەدا دەکات.

بێگومان، مەبەست لەو قسانە ئەوە نییە کورد دەبێت مل کەچی ئێران و سیاسەت و تەماحەکانی ئەو وڵاتە سەرکێشە بێت. کوردستانی عێراق لەچەندین بواردا کێشەی گەورەی لەگەڵ ئێران هەیە، کە ئەویش بۆردومانکردنی ناوچە سنوورییەکانیەتی لەلایەن تۆپخانەی ئێران. ئینجا کێشەی (پژاك)ە کە تاران پێی وایە لە ناو خاکی کوردستانی عێراقەوە هێرش دەکەنە سەر مۆڵگا

سەربازییەکانی لەو دیوو سنوور، ڕاستە نابێت خواستی ئێران لەبواری هەر دوو ئەو کێشەیەدا قبوڵ بکەین، بەڵام لەو بەرامبەرەدا هەق وایە، کۆششێکی زۆرتر بدرێت بۆ ئەوەی قەناعەت بە تاران بهێنرێت کە دیپلۆماسی و دایەلۆگ تاکە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانمانە، لەمبوارەدا ڕاست نییە وای بۆ بچین کە ئێران بە چارەسەری دیپلۆماسی ڕازی نابێت و گوێ بۆ دایەلۆگ شل ناکات. ئەی ئەوە نییە دەوڵەتێکی تاکڕەوی وەکو تورکیا دوای هەشتا ساڵ لەسەرکێشی و شۆڤێنیزم، دوا جار بەو شێوە چارەسەرییە ڕازی بوو، لەگەڵ ئەوەش کێشەی کوردی عێراق، لەناوەڕۆک و شێوەکانیدا، لەگەڵ ئەنقەرە زۆر قورستر بوو لەوەی لەگەڵ تارانی هەیە.

بە هەر حاڵ، بۆ ئەوەی ئەو تابلۆیە بەشێوەیەکی ڕوونتر ببینین، ڕەنگە وا پێویست بکات ئاوڕ لەڕاستی ئەوە بدەینەوە کە ئەوا نزیکەی دە ساڵە ئەمەریکا بە هەموو شێوازو فشارێکی خۆیەوە هەوڵ دەدات هاوپەیمانێتییەکی ناوچەیی لە دەوڵەتە دۆستەکانی، لەناوچەی کەنداوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبیدا، لەدژی ئێران پێک بهێنێت. میسرو سعودی و ئوردون و کوێت و ئیمارات و پاکستان و تورکیا بەشێکن لەو دەوڵەتانی ئەمەریکا چاوی لە هاوپەیمانێتیانە لەگەڵیان لەبەرامبەر ئێران. مەبەستی واشنتۆن لەو جۆرە کارە ئەوەیە کە هاوپەیمانێتیە ناوچەییەکە تەواوکەری هاوپەیمانێتیە نێودەوڵەتییەکەی بێت کە ماوەیەکە بەهۆی فغایلی ئەتۆمییەوە لە دژی ئێران خەریکیەتی. کەچی لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانەشی دا، تا ئێستا ئەمەریکا هیچ جۆرە سەرکەوتنێکی کاریگەری لەو مەیدانەدا بە دەست نەهێناوە. بگرە لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە، بە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاشەوە، پێیان وایە ئێران دەوڵەتێکی جیرانەو سروشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و شەڕی تیرۆر لە ناوچەکە ئیتر توانستی شەڕێکی دیکەی نەماوە، بۆیە زۆرتر دەستیان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە گرتووەو ملیان بۆ داواکارییەکانی ئەمەریکا لە بواری فشار خستنە سەر ئێران دانەداوە.

ڕاستە، لەو ماوەیەی ڕابردوودا جۆرە دۆستایەتی و هاوپەیمانێتییەکی گەرم، کوردی لەگەڵ ئەمەریکا کۆکردۆتەوە، بەڵام یەك لەحیکمەتەکانی سیاسەتی کوردی بۆ تایبەتی لەو شەش ساڵەی ڕابردوو، ئەوە بووە کە خۆی نەخزاندۆتە ناو پانتایی ناکۆکییەکانی واشنتۆن لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بگرە بە پێچەوانەشەوە هەوڵی داوە پەیوەندییەکانی نەك لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بە تەنیا، بەڵکو لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەش، بەتایبەتی ئەوانەی ناکۆکی و نێوان ناخۆشییان لەگەڵ ئەمەریکا هەیە وەك سوریا، خۆش و تەباو بێ گری بێت. بەڵام کێشەی گەورە لێرەدا ئەوەیە کە ئێران لەماوەی داهاتوودا، ساڵێك یان دوو ساڵی دیکە، ڕەنگە بکەوێتە ناو بازنەیەکی توندی دوژمنایەتی و شەڕ لەگەڵ ئەمەریکاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

بەرنامە ئەتۆمییەکەی تاران تا دێت ڕق و کینەو ناکۆکییەکانی لەگەڵ جیهان و دەوروپشت بە هێزتر دەکات. تا دێت ئەو بەرنامە خەتەرناکە ئەگەرەکانی سزای نێودەوڵەتی و شەڕ نزیك دەکاتەوە، بۆیە زۆر گرنگە ئەو سیاسەتەی تا ئێستا لە بواری کوردیدا لەبەرامبەر تاران پەیڕەو کراوە، بۆ لەمەو دواش هەر هەمان سیاسەت پەیڕەو بکرێت. چ پێویستییەك لە ئارادا نییە، کورد ببێتە بەشێك لەو نەخشانەی بۆ شەڕکردنی ئێران دەکێشرێت. لە ڕاستیدا وەزعەکە تا ئێستا وایە. بەڵام گرنگ ئەوەیە بۆ لەمەو دواش هەر وا بێت. پێم وایە، هەر کاتێك و بە هەر هۆیەکەوە بێت، هەڵەیەکی گەورەیە چ لەگەڵ ئێران و چ لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە خۆ بهاوێژینە ناو گۆماوی ناکۆکی.

گومان لەوەدا نییە کە ئێران لە ناوخۆیدا زۆر زاڵمانە لەبەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆی دەجوڵێتەوە، ڕاستە خۆ دوور دەگرێت لەهەر چاکسازی و ریفۆرمێکی سیاسی و ئابووری و هیچ ئامادەیەکیشی تێدا نییە بە ڕووی پێکهاتە ناوخۆییەکانی بکرێتەوە لە پێشەوەیان کورد. هەروەها ڕاستە، ئێران دەوڵەتێکە دەست دەخاتە ناو کاروباری ناوخۆی دەروو جیرانی. بگرە هەندێك جار دنەی توندوتیژیش لەو وڵاتانە دەدا. لەوانەش بەولاتر، ڕاستە، ئێران نموونەیەکی حوکمی لە ناوخۆی دامەزراندووەو دەیەوێت ئەو نموونە مەزهەبییەی حوکم و دەسەڵات بەسەر جیهانی ئیسلامی بسەپێنێت بە تایبەتی جیهانی ئیقلیمی. بەڵام لەو هەموو ڕاستیانە ڕاستتر ئەوەیە کە لە دوا حسێبدا دەوڵەتێکی گەورەیە. خاوەنی قودرەتێکی زۆرە. توانستی دەست وەردانی لەکاروباری وڵاتانی دەوروپشت زۆرە. بۆیە وا چاکترە کێشەکانمان لەگەڵی بەسیاسەت و دیپلۆماسی چارەسەر بکەین.

دیسانەوە ڕاستە، کە ئەویش لە باری خۆیەوە پێویستە هەمان شت بکات. بگرە هەر هەوڵێکی کوردستان لەو بوارەدا ڕەنگە سەر نەگرێت، ئەگەر ئەویش لە باری خۆیەوە بە نیازی دیپلۆماسی نەیەتە پێش. بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری بارودۆخی پێوانەکانی هێز لەناوچەکە بکەین دەبینین ئامانجی گەورەی میللەتێکی وەکو کورد لەم قۆناغەدا دەبێت خۆ دوور گرتن بێت لە ناکۆکی و لەگەڵ ئێران. هەروەها ڕێگە نەدرێت هیچ وڵاتێك، تەنانەت ئەمەریکا، کوردستان وەکو بنکەیەك بۆ لێدانی ئێران یان بۆ فشار خستنە سەری بەکار بهێنێت. ئەم جۆرە هەڵویستانە زەمینەیەکی لەبار دروست دەکەن بۆ ئەوەی لە دوارۆژێکی بەرچاودا متمانە لەگەڵ تاران دروست بکرێت و، کێشەکانمان بە دیپلۆماسی و دایەلۆگ لەگەڵی چارەسەر بکەین.

**سەرکردایەتیی سیاسیی کورد کاریگی باشی کردووە بەوەی کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا خۆی دوور گرتووە لەهەر جۆرە ڕکەبەرایەتی و دوژمنایەتییەکی دەوڵەتی ئێران**

**ڕێگە نەدرێت هیچ وڵاتێک، تەنانەت ئەمەریکا، کوردستان وەکو بنکەیەک بۆ لێدانی ئێران یان بۆ فشار خستنە سەری بەکار بهێنێت**